قەوەری "چاودێر" لەسەر بەهای مێژویی چیرۆکە قورئانیەکان

سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی: چیرۆکە قورئانییەکان بەگشتی دەربارەی رابردوو بەهای مێژوییان نیە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک چیرۆکی میللیو دەماودەمی یەهودیو مەسیحین

ئا/ چاودێر

ئەڵقەی دووەم

بەشی یەکەم

لە چوارچێوەی فایلی (چیرۆکە قورئانیەکان) دا، لاپەڕەی ڕەخنەی چاودێر چەند پرسیارێکی تایبەتمەندی ئاراستەی توێژەری بواری ئایینناسیی بەراورد (سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی) کردوە، کە ناوبراو بایەخێکی تایبەتیی بەقورئاننناسی وبە لایەنی مێژویی وکولتوریی چیرۆکە قورئانیەکان داوە. لەچەند بەشێکدا وەڵامەکانی دوابەدوای یەک بڵاو دەکرێنەوە.

ئایا تا چ رادەیەک دەتوانین بڵێین (ئەفسانە) لەچیرۆکە قورئانیەکاندا هەیە؟ واتە: تا چ رادەیەک چیرۆکی نامێژویی لەقورئاندا هەیە؟

سەروەر پێنجوێنی: سەرەتا پێویستە پێناسەی (ئەفسانە) بکەین وپەیوەندی وجیاوازیی ئەفسانە لەگەڵ (چیرۆکی نامێژویی) ڕونبکەینەوە، چونکە (نامێژوییبون) گرنگترین تایبەتمەندیی ئەفسانە نیە وهەمو چیرۆکێکی نامێژوییش ئەفسانە نیە. (ئەفسانە) لەلای خەڵک بەگشتی بەهەندێک واتا بەکاردێت کە لەنوسینی زانستیدا مەبەست نین، وەکو ئەوەی ئەفسانە بەهەمو بیروباوەڕ ودەنگوباسێکی پڕوپوچ دەوترێت، یان بەهەر زانیاری وهەواڵێکی نامێژویی وناواقیعی دەوترێت. بەڵام (ئەفسانە) «أسطورة» Myth وەکو زاراوەی زانستی بریتیە لە(چیرۆکێکی ئایینیی پیرۆز کە بەزمانێکی هێمایی تایبەت ڕوداوێکی پەیوەست بەرابردو وسەرەتای شتەکانەوە دەگێڕێتەوە و، بەشێک لەبیروباوەڕ وجیهانبینیی ئایینێک پێکدەهێنێت)، کەواتە لەروی زاراوەی زانستیەوە مەرجە ئەفسانە (چیرۆک) بێت وپیرۆزی وبەهای ئایینیشی هەبێت ولایەنێک لەباوەڕ «عقیدە» ی ئایینێک پێکبهێنێت، بەڵام زمانێکی هێمایی هەیە وکاراکتەرە بنەڕەتیەکانی بریتین لەهەبوانی میتافیزیایی وبان ـ سروشتی بەتایبەتی خواوەند، لەکرۆکیشدا هەوڵێکە بۆ لێکدانەوە ودۆزینەوەی نهێنیەکانی بونەوەر وکۆمەڵگای مرۆڤ، بەم شێوەیەش هەرچەند بەڕواڵەت ناواقیعیە بەڵام لەباکگراوندا بنچینەیەکی واقیعیی هەیە، هەرچەند باسی (خواوەندەکان) دەکات بەڵام لەڕاستیدا باسی مرۆڤەکان وپێکهاتەکانی بونەوەر وژینگە وکۆمەڵگا دەکات.

بەو پێناسە زانستیە کە ڕاڤەم کرد ئەو ئەفسانانەی لەقورئاندا هەن بریتین لەچیرۆکەکانی (خولقاندنی ئاسمان وزەوی) و(ئادەم وحەووا وئیبلیس) و(دو کوڕەکەی ئادەم) وتا ڕادەیەکیش (تۆفانی نوح) وهەندێکی تر، کە ئەمانەش کۆمەڵێک چیرۆکی ئایینیی پیرۆزن کە بەزمانێکی هێمایی (زمانێک کە ڕاستییەکی گشتی لەکەسێتییەکدا بەرجەستەدەکات، واقیعێکی گشتی لەرووداوێکدا نمایشدەکات) لەسەرەتای بونەوەر وسەرەتا وبنچینەکانی کۆمەڵگای مرۆیی دەدوێن وچوارچێوە وبنەمایەک بۆ بیروباوەڕ وجیهانبینیی ئیسلامی پێکدەهێنن، بۆ نمونە لەخەیاڵگەی هەر موسوڵمانێکدا قۆناغەکانی بونەوەر وجیهان بریتین لەدروستکردنی ئاسمانەکان وزەوی وخولقاندنی ئادەم وحەووا ودەرکردنیان لەبەهەشتەوە بۆ زەوی وپاشان یەکەم کێشمەکێش وتاوانی کوشتن لەکۆمەڵگای مرۆڤدا کە لەنێوان قابیل وهابیلدا رویدا، پاشان تۆفانی نوح ودەستپێکردنەوەی ژیان بۆ جاری دوەم وئەم بابەتانە. بەشێوەیەک مرۆڤی موسوڵمان وا هەست دەکات ئەمانە گرنگترین بڕگەکانی مێژوی جیهانن، لەلایەکیتریشەوە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە گرنگترین بنەمای بیروباوەڕی مرۆڤی موسوڵمان پێکدەهێنن وجیهانێکی تایبەتی لەبیرکردنەوەی ئەودا دەسازێنن، بۆ نمونە ئەو دژایەتیە سەرسەختەی لەبیری ئیسلامیدا هەیە بەرامبەر بیرۆکەی گەشەکردنی ئایینەکان دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی ئادەم وحەووا کە لەو چیرۆکەدا ئادەم (یەکەم مرۆڤ) وەکو پێغەمبەرێک وهەڵگری ئایینێکی یەکتاپەرستیی تەواو پێناسەدەکرێت. دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەو ئەفسانە قورئانیانە شێوە وئاکارە ئەفسانەییەکانیان لەقورئاندا تا ڕادەیەک کاڵبوەتەوە ووەکو ئەو شێوە ئەفسانەییە ڕەسەنە نین کە لەئەفسانە شومەری وبابیلیەکاندا هەن، چونکە لەکاراکتەر ولە زمانە هێماییەکەیاندا تا ڕادەیەک کاڵبونەوە هەیە وخەریکە دەبنە چیرۆکی ئاسایی و ـ بەڕواڵەت ـ واقیعی، بەڵام وەکو بنەڕەت و وەکو بابەتیش هەر بەئەفسانە دادەنرێن.

ئەمە سەبارەت بەئەفسانە لەقورئاندا. سەبارەت بەچیرۆکی نامێژویی لەقورئاندا، دەبێت لەسەرەتاوە سەرنج بدەین کە چیرۆک لەقورئاندا بۆ مەبەستی مێژویی ناگێڕدرێتەوە، بۆ نمونە هیچ بایەخێک بەکات وشوێن وهەتاکو ناوی کەسەکانیش نادات (کە ئەمانە لەنوسینی مێژوییدا پێویستن)، کە ئەم حاڵەتە توێژینەوەی ئەو چیرۆکانەی زۆر دژواریش کردوە، بەڵکو زۆر جار دەقە قورئانیەکە بۆ خۆی داوا لەخوێنەر دەکات بەدوای ئەو وردەکاریانەدا نەچێت بەو پێیە کە زانینیان گرنگ نیە، هەروەها هەندێک وردەکاری وزانیاریی لاوەکی هەیە کە دەیانشارێتەوە ولێیان نادوێت، بەڵکو زۆر جار لایەنێک یان دیمەنێکی چیرۆکەکە زەقدەکاتەوە کە لەبنەڕەتدا مەبەستی چیرۆکەکە نیە وگرنگترین ڕەگەز نیە، هەر بۆیەش هەندێک جار چیرۆک لەقورئاندا مەبەست وواتایەک وەردەگرێت کە لەبنەڕەتدا شتێکیترە. بەم شێوەیەش گێڕانەوەی چیرۆکەکانی رابردو لەقورئاندا نە لەشێواز وگێڕانەوە وداڕشتندا ونە لەمەبەست وبەگەڕخستن «توظیف» دا شێوازی مێژویی نیە وبەهەمان شێوە بەهای مێژوییشی نیە، بەڵکو زیاتر وەکو نوسراوێکی فیکری ـ ئەدەبی وایە کە چیرۆکێک دەکاتە نمونەیەک بۆ ڕونکردنەوە وگەیاندنی مەبەستێک وهەر ئەوەندە بەلایەوە گرنگە کە چەندە خزمەتی ئەو مەبەستە دەکات. پێش هەمو شتێکیش ئەوە دەزانین کە قورئان کتێبێکی ئایینیە ونوسراوێکی مێژویی نیە، بۆیە بۆ زانینی ڕوداوەکانی مێژو پشتی پێ نابەسرێت وتەنها جۆرە تێڕوانینێک بۆ مێژو ورابردو دەخاتەڕو کە لەچوارچێوە وبوارێکی تایبەتیدا هەڵدەسوڕێت. لەبەر ئەوانە زۆر چاوەڕوانکراوە چیرۆکی نامێژویی لەقورئاندا هەبێت، یان ڕەگەزی نامێژویی لەچیرۆکە مێژوییەکانی قورئاندا هەبێت، هەرچەند ئەمە نابێتە ڕێسایەکی گشتی وهەر چیرۆکێک بەڵکو هەر بابەتێک باسوخواسی سەربەخۆی خۆی هەیە.

ئینجا لەلایەکی ترەوە بەهای مێژویی هەر چیرۆکێک یان هەر نوسراوێک لەبابەتی مێژو بەندە بەبەهای سەرچاوەکانیەوە: ئەگەر چیرۆکێک یان نوسراوێک پشت ببەستێت بەپشکنین ودۆزینەوە وبەدواداچونی بەڵگەنامە وشوێنەوار ئەوە متمانەی پێ دەکرێت، بەڵام ئەگەر نوسراوێک یان چیرۆکێک پشت ببەستێت بەسەرچاوەی دەماودەم یان داب‌ونەریتی باو یان بیرباوەڕ وکولتور ئاشکرایە کە بەهای مێژویی نابێت یان هەر وەکو لق ودرێژبونەوەی سەرچاوەکەی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وحسابی ئەوی بۆ دەکرێت. سەبارەت بەچیرۆکە قورئانیەکانیش، ئاشکرایە کە بیروباوەڕ وکولتوریان بەسەردا زاڵە وزیاتر بەهای کولتورییان هەیە تاوەکو مێژویی، وەکو سەرچاوەش بەگشتی دو سەرچاوەیان هەیە: کەلەپوری عەرەبیی دەماودەم دەرباری گەل وهۆزە کۆنەکان، بەتایبەتی لەچیرۆکەکانی عاد وسەمودا، لەگەڵ داب‌ونەریتی ئایینیی باو لەنیمچە دورگەی عەرەبیدا کە تێکەڵەیەکی گونجاو بوە لەکەلەپوری ئایینیی یەهودی ومەسیحی وکولتوری عەرەبی. ئینجا سەرچاوەی بنەڕەتیی بیری ئایینیی یەهودی ومەسیحی دەقە بنەڕەتیەکانی تەوڕات وئینجیلە، یاخود بەگشتی هەردو (پەیمانی کۆن) و(پەیمانی نوێ)، ئەم دەقانەش ئێستە لەسایەی پەرەگرتنی ڕەخنەسازیی دەقە ئایینیەکان وئارکیۆلۆجیا ودۆزینەوەی بەڵگە وشوێنەوارە مێژوییەکانەوە، بەشێوەیەکی گشتی بەهای مێژوییان لەناوەندە ئەکادێمیاییەکاندا نەماوە، بۆیە ئێستە ئەو مێژوەی دەقەکانی تەوڕات یاخود پەیمانی کۆن هەر لەچیرۆکی دروستکردنی بونەوەر وئادەم وحەووا وهەتاکو ماوەیەک دوای دامەزرانی شانشینیی ئیسرائیل ودەرکەوتنی (عومری) پاشای ئەو شانشینیە لەنوسراوە ئاشوریەکاندا، هەموی بەمێژونامەیەکی کولتوری دادەنرێت کە لەگەڵ واقیعی مێژوییدا یەک ناگرێتەوە، ئەمەش واتە هەمو چیرۆکەکانی نوح وئیبراهیم وئیسحاق ویەعقوب ویوسف وموسا وخێڵەکانی ئیسرائیل لەمیسر وکۆڕەوی ئەو خێڵانە لەمیسر بەسەرکردایەتیی موسا و، پاشان داگیرکردنی وڵاتی کەنعان (فەلەستین) لەلایەن موسا وپاشان (یوشەع) دوە ونیشتەجێبون لەناوچەی ئورشەلیم ودەوروبەری، پاشان قۆناغی دادوەران «القضاة»، ئینجا دەرکەوتنی (شموئیل) پێغەمبەر کە (شاوول) (طالوت ـ ی قورئان) ی کردە پاشای ئیسرائیل، پاشان کە داوود لەهەمو دوازدە خێڵەکەی ئیسرائیل شانشینییەکی بەهێز وفراوانی لەشاری ئورشەلیم دامەزراند دوای ئەوەی لەگەڵ ئارامیەکان وگەلانیتری دەوروبەر بەشەڕ هات وشکاندنی، ئینجا (شلۆمۆھ) (سولەیمان ـ ی قورئان) ی کوڕی زیاتر ئەو شانشینیەی بەرەو پێش برد وکۆمەڵێک کاری بیناسازیی گەورەی ئەنجامدا، لەوانە پەرستگای ئورشەلیم، پاشان کە ئەو شانشینیە یەکگرتوە بەمردنی سولەیمان دەڕوخێت ولە خێڵی (یەهودا) شانشینیی یەهودا لەئورشەلیم پێک دێت ولە خێڵەکانی تر شانشینیی ئیسرائیل لەسامیرە پێک دێت.. ئەم ریزە چیرۆکە ئێستە هیچ متمانەیەکی مێژوییان نەماوە وزانایانی مێژوی دێرینی ناوچەکە ئێستە بەجۆرێکیتر نەخشەی مێژوی ناوچەکە وهەردو شانشینیی ئیسرائیل ویەهودا وئایینی یەهودی دادەڕێژنەوە..

سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

هەروەکو ئارکیۆلۆجیستە ئیسرائیلیەکانیش نەیانتوانی هیچ بەڵگەیەکی شوێنەواری بدۆزنەوە لەسەر شانشینیی پێشکەوتو ونازپەروەری داوود وسولەیمان وپەرستگاکەی سولەیمان. بەڵکو دەرکەوت کە ئەو چیرۆکانە کۆمەڵێک یادەوەریی نیمچەمێژویی دێرین وچیرۆکی کەلەپوریی ناوچەکەن کە نوسەرانی ئەو دەقانە بۆ سازکردنی ناسنامەیەکی تایبەتی بۆ خەڵکی شانشینیی یەهودا بەشێواز ومەبەستێکی تایبەتی دایانڕشتونەتەوە، پاڵنەر وخەمی ئەو نوسەرانەش بەپلەی یەکەم گێڕانەوەی مێژویی نەبوە بەڵکو تەنها دۆزینەوەی ڕەگوڕیشە وناسنامەیەکی دێرین وتایبەتیە بۆ یەهودایەکان دوای ئەوەی بەدیلی بران بۆ بابل وپاشان هەخامەنشیەکان ڕێگەیان پێ دان بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان. بەتایبەتی کە ئەو دەقانە هەمویان بەچەند سەدەیەک وهەندێک جار بەهەزار ساڵ دوای ڕوداوەکان نوسراون، چونکە نوسینی دەقەکانی پەیمانی کۆن (لەسەر بنەمای چەند داب‌ونەریتێکی دەماودەم) لەسەدەی (٦ پ. ز.) دوە دەست پێدەکات وهەتا دەرکەوتنی سەدەی (١ پ. ز.) یش بەردەوام دەبێت.. بەم شێوەیەش هیچ پەیوەندییەکیان بەموسا ویوشەع وسەردەمی ڕوداوەکانەوە نیە، سەبارەت بەدەقەکانی (پەیمانی نوێ) یش، ئەمانیش هیچیان هاوچەرخی یەشوع (عیسا ـ ی قورئان) نەبون، بەڵکو نامەکانی پۆڵس بەگشتی دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی (٥٠ ـ ٨٠ ز.)، چوار ئینجیلەکەیش بۆ ساڵانی (٦٥ ـ ١٣٠ ز.) وبەشەکانی تریش دەوروبەری (١٦٠ ز.) بەپایان گەیشتون، تێکڕا دەکاتە نزیکەی سەدەیەک دوای یەشوع.. بۆیە ئەو دەقانە نەیانتوانیوە دڵنیامان بکەن کە یەشوع بەراستی چیی کردوە وچیی وتوە وچیی لێ بەسەرهاتوە، بەڵکو گومانێکی زۆر لەبونی مێژویی خۆیشی دروستبوە.

سەرباری ئەوەش ئەو کەلەپورە یەهودی ومەسیحیەی کە سەرچاوەی ڕاستەوخۆی زۆربەی چیرۆکەکانی قورئان پێکدەهێنن ئەو مێژو وچیرۆکە بنەڕەتیانە نیە کە لەدەقەکانی (تەوڕات) و(پەیمانی کۆن) بەگشتی و(پەیمانی نوێ) دا هەیە، بەڵکو کۆمەڵێک چیرۆکی دەماودەم ومیللیە کە وەکو فراوانکردن ورازاندنەوە ودەوڵەمەندکردنی چیرۆکە تەوڕاتی وئینجیلیەکان ولە پەراوێزی ئەوانەدا لەدەقەکانی تەرگوم ومیدراش وتەلمود و کتێبە ئەپۆکریفایی و سیودیپیگرافاییەکاندا دروستبون، دواتر لەکەلەپوری دەماودەمی یەهودی وچیرۆکەکانی (هەگگاداه) ی یەهودیدا زیاتر گەشەیانکردوە، پاشان هەندێکیان لەگەڵ کولتوری عەرەبیشدا تێکەڵ بون و(تەعریب) کراون، یان لەگەڵ کولتور وکەسێتیی عەرەبی وناوچەی حیجاز ومەککەدا گونجێنراون. بەم شێوەیەش تەواو لەبنەڕەتە تەوڕاتی وئینجیلیەکە دورکەوتونەتەوە. بۆیە ئێستە دەبینین لەزۆر ئاماژەدا چیرۆکە قورئانیەکان جیاوازییان لەچیرۆکە تەوڕاتی وئینجیلیەکان هەیە، زۆرێکیش لەچیرۆکە قورئانیەکان لەتەوڕات وئینجیلدا هەر بەرچاوناکەون، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ دەقەکانی تەرگوم ومیدراش وتەلمود وئەپۆکریفا وسیودیپیگرافا یاخود بۆ کولتوری عەرەبیی پێش ئیسلام، وله راستیدا قورئان مامەڵە وپەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەم دەقە لاوەکیانەدا هەبوە نەک دەقە بنەڕەتیەکانی تەوڕات وئینجیل. بۆ نمونە لەقورئاندا ئاماژە بۆ ڕامهاتنی جنۆکە بۆ سولەیمان دەکرێت (الانبیاء: ٨٢) (سبا: ١٢)، ئەمە بەهیچ جۆرێک لەتەوڕات یاخود پەیمانی کۆندا نابینرێت، بەڵکو دەتوانین بڵێین چەمکی (جنۆکە) یش بەگشتی لەو دەقانەی پەیمانی کۆندا نابینرێتەوە.. بەڵام ئەو چیرۆکە قورئانیە دەگەڕێتەوە بۆ تەرگوم وتەلمود ومیدراش وهەندێک دەقی سیودیپیگرافا، پاشان کولتوری عەرەبی. یان بۆچی باسی (قارون) لەقورئاندا جیاوازە لەباسی (قۆرەح) لەتەوڕاتدا؟ لای هەردوکیان باسی ئەوە هەیە کە ئەو کەسە بەخۆی وشتەکانیەوە چوە بەناخی زەویدا [وشەی (قارون) یش لەبنەڕەتدا هەمان وشەی (قۆرەح) ـە، ڕەنگە شێوەی ئارامی ـ سوریانیی ئەو ناوە عیبریە بێت]، بەڵام لەقورئاندا وەسفی دەوڵەمەندیی لەڕادەبەدەری قارون دەکرێت ودەڵێت کلیلەکانی گەنجینەکانی بەکۆمەڵێک پیاوی بەهێزیش هەڵنەگیراون! (و اتیناه من الکنوز ما إن مفاتحه لتنوء بالعصبة أولی القوة) (القصص: ٧٦)، ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ تەلمود بەتایبەتی: (تەلمودی بابلی، سەنهێدرین، لا. ١١٠أ) کە باسی زۆریی کلیلەکانی گەنجینەکانی قۆرەح دەکات، لەوێدا ڕەببانی (لێڤی) دەڵێت کلیلەکانی خانەی گەنجینەکانی قۆرەح باری سێ سەد ئێستری سپی بون! ئەمەش لەکاتێکدا ـ ڕەببانی لێڤی دەڵێت ـ ئەو کلیل وقوفڵانە هەموی لەچەرم بون نەک کانزا ولەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە زۆر وقورس بون! ئەمانەش هەموی زیادەڕەوییەکی خەیاڵین ولە دەقە تەوڕاتیەکەدا (سەرژمێری: ١٦ :١٦ ـ ٣٥) تەنها ئەوە هاتوە کە قۆرەح وشوێنکەوتوانی لەگەڵ ماڵ وکەل‌وپەل وسامانەکانیان (بەبێ زیادەڕەوی) زەوی قوتی داون!

بەم شێوەیە چیرۆکە قورئانیەکان بەشی زۆریان نەک هەر سەرچاوە وبنەمای مێژوییان نیە بەڵکو بەپێی دەقە تەوڕاتیەکەش نین ورەنگدانەوەی کۆمەڵێک دەقی لاوەکین کە لەپەراوێزی دەقە تەوڕاتیەکەدا دروستبون، هەر بۆیەش زیاتر لەواقیعی مێژویی دوردەکەونەوە وزیاتریش ئەندێشەیی وسەیروسەمەرە دەبن. واتە چیرۆکە تەوڕاتیەکە ئەگەر مێژوییش نەبێت دەشێت ڕویدابێت چونکە زۆر ڕەگەزی ئەندێشە وزیادەڕەوی وبونەوەری وەکو جنۆکەی تێدا نیە بەڵام چیرۆکە تەلمودی ـ قورئانیەکە هەندێک جار هەر ئەستەمە شتی لەو جۆرە ڕوبدات. بۆیە چیرۆکە قورئانیەکان، بەتایبەتی لەبواری مێژوی خێڵەکانی ئیسرائیل وپێغەمبەرەکانیاندا، بەگشتی سەرچاوەی مێژوییان نیە بەڵکو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک چیرۆکی میللی ودەماودەمی یەهودی ومەسیحین وبە دەقە تەوڕاتیەکەیشەوە پابەندنابن.

لەبنەڕەتە تەوڕاتی وئینجیلیەکە دورکەوتونەتەوە. بۆیە ئێستە دەبینین لەزۆر ئاماژەدا چیرۆکە قورئانیەکان جیاوازییان لەچیرۆکە تەوڕاتی وئینجیلیەکان هەیە، زۆرێکیش لەچیرۆکە قورئانیەکان لەتەوڕات وئینجیلدا هەر بەرچاوناکەون، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ دەقەکانی تەرگوم ومیدراش وتەلمود وئەپۆکریفا یاخود بۆ کولتوری عەرەبیی پێش ئیسلام، وله راستیدا قورئان مامەڵە وپەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەم دەقە لاوەکیانەدا هەبوە نەک دەقە بنەڕەتیەکانی تەوڕات وئینجیل. بۆ نمونە لەقورئاندا ئاماژە بۆ ڕامهاتنی جنۆکە بۆ سولەیمان دەکرێت (الانبیاء: ٨٢) (سبا: ١٢)، ئەمە بەهیچ جۆرێک لەتەوڕات یاخود پەیمانی کۆندا نابینرێت، بەڵکو دەتوانین بڵێین چەمکی (جنۆکە) یش بەگشتی لەو دەقانەی پەیمانی کۆندا نابینرێتەوە.. بەڵام ئەو چیرۆکە قورئانیە دەگەڕێتەوە بۆ تەرگوم وتەلمود ومیدراش وهەندێک دەقی سیودیپیگرافا، پاشان کولتوری عەرەبی. یان بۆچی باسی (قارون) لەقورئاندا جیاوازە لەباسی (قۆرەح) لەتەوڕاتدا؟ لای هەردوکیان باسی ئەوە هەیە کە ئەو کەسە بەخۆی وشتەکانیەوە چوە بەناخی زەویدا [وشەی (قارون) یش لەبنەڕەتدا هەمان وشەی (قۆرەح) ـە، ڕەنگە شێوەی ئارامی ـ سوریانیی ئەو ناوە عیبریە بێت]، بەڵام لەقورئاندا وەسفی دەوڵەمەندیی لەڕادەبەدەری قارون دەکرێت ودەڵێت کلیلەکانی گەنجینەکانی بەکۆمەڵێک پیاوی بەهێزیش هەڵنەگیراون! (و اتیناه من الکنوز ما إن مفاتحه لتنوء بالعصبة أولی القوة) (القصص: ٧٦)، ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ تەلمود بەتایبەتی: (تەلمودی بابلی، سەنهێدرین، لا. ١١٠أ) کە باسی زۆریی کلیلەکانی گەنجینەکانی قۆرەح دەکات، لەوێدا ڕەببانی (لێڤی) دەڵێت کلیلەکانی خانەی گەنجینەکانی قۆرەح باری سێ سەد ئێستری سپی بون! ئەمەش لەکاتێکدا ـ ڕەببانی لێڤی دەڵێت ـ ئەو کلیل وقوفڵانە هەموی لەچەرم بون نەک کانزا ولەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە زۆر وقورس بون! ئەمانەش هەموی زیادەڕەوییەکی خەیاڵین ولە دەقە تەوڕاتیەکەدا (سەرژمێری: ١٦ :١٦ ـ ٣٥) تەنها ئەوە هاتوە کە قۆرەح وشوێنکەوتوانی لەگەڵ ماڵ وکەل‌وپەل وسامانەکانیان (بەبێ زیادەڕەوی) زەوی قوتی داون!

بەم شێوەیە چیرۆکە قورئانیەکان بەشی زۆریان نەک هەر سەرچاوە وبنەمای مێژوییان نیە بەڵکو بەپێی دەقە تەوڕاتیەکەش نین ورەنگدانەوەی کۆمەڵێک دەقی لاوەکین کە لەپەراوێزی دەقە تەوڕاتیەکەدا دروستبون، هەر بۆیەش زیاتر لەواقیعی مێژویی دوردەکەونەوە وزیاتریش ئەندێشەیی وسەیروسەمەرە دەبن. واتە چیرۆکە تەوڕاتیەکە ئەگەر مێژوییش نەبێت دەشێت ڕویدابێت چونکە زۆر ڕەگەزی ئەندێشە وزیادەڕەوی وبونەوەری وەکو جنۆکەی تێدا نیە بەڵام چیرۆکە تەلمودی ـ قورئانیەکە هەندێک جار هەر ئەستەمە شتی لەو جۆرە ڕوبدات. بۆیە چیرۆکە قورئانیەکان، بەتایبەتی لەبواری مێژوی خێڵەکانی ئیسرائیل وپێغەمبەرەکانیاندا، بەگشتی سەرچاوەی مێژوییان نیە بەڵکو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک چیرۆکی میللی ودەماودەمی یەهودی ومەسیحین وبە دەقە تەوڕاتیەکەیشەوە پابەندنابن.

ئەگەریش بمانەوێت چیرۆکێکی قورئانی لەروی بەهای مێژوییەوە ساخبکەینەوە دەبێت پێشەکی چیرۆکە تەوڕاتیەکە وپاشان شێوە تەلمودی ومیدراشی و ئەپۆکریفاییەکەی ئەو چیرۆکە ساخبکەینەوە. بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین توێژینەوەی چیرۆکە قورئانیەکان لەلایەنێکیەوە لقێکی توێژینەوەی چیرۆکە تەوڕاتی ـ میدراشی ـ تەلمودی وچیرۆکە ئینجیلی ـ ئەپۆکریفاییەکانە.

لێرەدا دەتوانین ئەوەش بڵێین کە بیرۆکە وچیرۆکە تەوڕاتیەکان توشی شێواندن وگۆڕاندن (تحریف) ێک هاتون کاتێک لەدەقەکانی تەرگوم ومیدراش وتەلمودا دادەڕێژرێنەوە، ئەمە ئەو (تەحریف) ـەیە کە دەکرێت قسەی لێبکەین وبیسەلمێنین.. ئینجا هەرچەندە قورئان جولەکە بە(تەحریف) ی دەقە یەهودیەکان ناوزەد دەکات، بەڵام ئەو ڕاستیەی دەبێت بیڵێین ئەوەیە کە قورئان خۆیشی لەنێو ئەو لێشاوی (تەحریف) ەدایە، چونکە قورئانیش پێبەپێی ئەو دەقە لاوەکیانە بیرۆکە وچیرۆکە تەوڕاتیەکان دەگۆڕێت وهەندێک ڕەگەزیان بۆ زیاددەکات یان تێهەڵکێشیاندەکات.

کێشەیەکی چیرۆکە قورئانیەکان ئەوەیە کە زۆر جار گۆڕانکاری لەچیرۆکە تەوڕاتیەکاندا دەکات وتێکەڵیاندەکات، بەمەش چیرۆکێکی دەستکرد ودەستکاریکراو پێک دێت کە زۆر ئەستەمە بتوانین ئەنجامێکی کولتورییشی لێ بەدەست بهێنین چ جای مێژویی. ئەمانەش چەند نمونەیەکن لەم بابەتە:

١. لەقورئاندا چیرۆکی مانگا زەردەکە هەیە کە گوایە موسا بۆ مەبەستی دەرکەوتنی بکوژێکی نەناسراو فەرمانیداوە بەسەربڕینی مانگایەکی زەردی تۆخی تازەساڵی بێ عەیب وپەڵە (البقرة: ٦٧ ـ ٧٣)، ئەم چیرۆکە قورئانیە تێکەڵکردنی دو بابەتی تەوڕاتیە: یەکەمیان قوربانیی مانگا سورە (زەردی سورباو)، کە لەتەوڕاتدا (کتێبی سەرژمێری) فەرمان کراوە بەسەربڕینی مانگایەکی سوری بێ عەیب وبەکارنەهاتو بۆجوت، وەکو قوربانییەک بۆ لابردنی گوناهی هەموان (سەرژمێری: ١ :١٩ ـ ١٠)، دوەمیشیان قوربانیی بکوژی نەناسراو، کە لەتەوڕاتدا (کتێبی دوبارەخوێندنەوەی شەریعەت) فەرماندەدات کاتێک کەسێک کوژرا وبکوژەکەی ئاشکرا نەبو بۆ لابردنی ئەو تاوانە لەگەردنی هەموان گوێرەکەیەک کە بۆ جوت بەکارنەهاتبێت سەربڕن (دەقاودەق: ملی بشکێنن) وبڵێن ئێمە بەرین لەم خوێنە (دوبارەخوێندنەوەی شەریعەت: ١ :٢١ ـ ٩). بۆیە دەقە قورئانیەکە لەم دو بابەتە تەوڕاتیە چیرۆکێکی سازکردوە ومەبەستە بنەڕەتیەکەیشی گۆڕیوە..

قوربانیی مانگا سورە قوربانییەکی گشتیە بۆ لابردنی گوناهـ بەگشتی، قوربانیی گوێرەکەکە بۆ لابردنی گوناهی کوشتنە، بەڵام لەچیرۆکە قورئانیەکەدا باسی سەربڕینی مانگا سورەکە (یان زەردە تۆخەکە) دەکرێت بۆ (دەرخستن) ی بکوژەکە.

٢. بەپێی قورئان موسا لەدو کچی پیرە پیاوێکی مەدیەنی کچێکیانی مارەکردوە بەو مەرجەی هەشت ساڵ شوانیی بۆ بکات (القصص: ٢٧)، بەڵام ئەمە تێکەڵکردن وگۆڕینی دو چیرۆکی تەوڕاتیە: یەکەمیان چیرۆکی موسا کە (رعوئیل) (کە دواتر دەقەکە ناویدەنێت یثرۆ) ی پیاوی ئایینی مەدیان کچێکی لەحەوت ..□

بۆ ل١٩

گەلی خاوەن ڕەوشت پێویستی بە ئایین نییە

طریف سردست
و: نامۆی شێخ مارف

گەلی دارستان، کۆمەڵگەیەکی واقعین، لە یەکسانی و برایەتی و شادیدا دەژین و خاوەنی ڕەوشتگەلێکی بەرزن، هەرچەندە هیچیش لە ئایین نازانن، بەڵکو ڕەتیشی دەکەنەوە! بینشی ئایینیان پەیوەستە بە ئاکارەوە نەک بە هێزە نادیار و لە توانا بەدەرەکان. یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە قازانجی ژنان بەرکەماڵە. تاوان و دەستدرێژی کردنەسەر یەکتر لە نێوانیاندا نییە، هەرچەندە بە ڕوتیش ژیان دەکەن!! گاڵتەجاڕی بە خاوەندارێتی و ملهوڕی گەلە خاوەن شارستانییەکان دەکەن. لێکگەیشتن و پێکەوە ژیان سەرچاوەی لە ئاکارەوە گرتووە کە هیچ کارێکی بەسەر ئایینەوە نییە ...

گەلی کورتەباڵاکان کە بە (Pygméer) ناودەبرێن. لە درێژی باڵادا کورتەباڵاترین گەلن، بە شێوەیەک کە درێژییان لە نێوان(١٣٥ بۆ ١٥٠ سم)ە، ژمارەیان ١٥٠ بۆ ٢٠٠ هەزار کەسە و دەبن بە دوو کۆمەڵەوە. کۆمەڵێکیان لە وڵاتی کۆنگۆی دیموکرات دەژین و پێیان دەڵێن (Mbuti)، کۆمەڵەکەی تریشیان لە هەریەک لە وڵاتانی ئەفریقای ناوەڕاست و کۆنگۆ و کامیرۆندا دەژین و پێیان دەڵێن (Akapygmeerna)

هۆکاری کورتەباڵایی لە لای ئەم گەلە بۆ کەمی ڕێژەی هۆرمۆنی گەشەکردن دەگەڕێتەوە کە لە هۆرمۆنی ئەنسۆلین دەچێت، لەوەش دەچێت هۆکاری هەوڵدان بێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژیان لە قوڵایی دارستاندا. هەندێ لە زاناکان ئەم کورتەباڵاییە دەگەڕێننەوە بۆ قورسی دەرکردنی گەرمی زیادە (حرارة الفائظة) لە لەش، لە ژینگەیەکدا کە تێرە لە شێ (شێدارە). بەم شێوەیە لەش ستراتیژییەکی هەڵبژاردوە کە هەڵدەستێ بە کەمکردنەوەی قەبارەی ماسولکەکان و جێگۆڕکێی گەرمی لەش، بەم شێوەیە پێویستی بە دەرخستنی زۆری گەرمی زیادە نییە. تا ئێستاش ئەم گەلە لە قوڵایی دارستاندا دەژین، خێزان پێکهاتووە لە پیاوێک و ژنەکەی کە لە کوخێکی لە گەڵا دروستکراودا دەژین. ژنان و پیاوان بەسەرە دەچن بۆ ئاوهێنان، چاودێریکردنی منداڵە شیرەخۆرەکان، شۆردن و پاککردنەوەیان، یارکردن و گۆرانی وتن لەگەڵیان. لە یەکسانیدا ژنان و پیاوانی کۆمەڵگەی نوێ ئیرییان پێ دەبەن. باوکان و دایکان بۆ هەر کوێ بچن منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبەن و لە هەڵگرێکدا هەڵیان دەگرن کە بە سنگیانەوە نوساوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە هەمیشەیی لە یەکتری بڕوانن و وا دەکات کە دایکان و باوکان بەردەوام قسە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن و فێری ئەرک و لێکردنەوەی بەری دارەکان و نانەوەی تەڵە و دروستکردنی کوخیان بکەن. بەسەر ئەوەشەوە دایکان و باوکان ناز بەسەر منداڵەکانیاندا ناکەن کە گرنگییەکی زیاد بە پێویستیان پێ دەدەن. لەگەڵ کارکردنیشدا لە منداڵەکانیان دوور ناکەونەوە و لەسەر زەوی دایاننانێن و خۆشیان بچن ئەرکەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن. دایکان منداڵە شیرخۆرەکان زیاتر لە باوکان هەڵدەگرن بەهۆی ئەوەی کە ئەو منداڵانە شیرەخۆرن و شیرپێدانیش ماوەی دوو ساڵە! بەڵام کاتێک منداڵ دەست دەکاتە گاگۆڵکێ باوکان بە ئەرکی چاودێریکردن و یاری لەگەڵ کردنیان هەڵدەستن، چونکە پیاوان لە یاریکردندا چالاکترن. ئەوەی جێی سەرەنجە باوکان یاری قورس و ڕەق ناکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوەی بیرکردنەوەی زانایانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی، لەسەر گەلە سەرەتاییەکان، ئەم باوکانە زۆر ناسک ڕەفتار و نەرم و بەسۆزن بە جۆرێک پێیان دەڵێن دایکان! گەر پێویست بێت لەگەڵ منداڵەکەدا کەمێک ڕەق بن، ئەوا دایکەکە بەوە هەڵدەستێت نەک باوک!؟؟ ئەو کاتەی کە منداڵەکان ملکەچ نەبن، هەندێ لە دایکان بە دار لە منداڵەکان دەدەن یان بەردیان تێدەگرن. ژنان ناتوانن زیاد لە پێویست لەگەڵ منداڵەکان ڕەق بن، چونکە ڕەقی لەگەڵ منداڵەکان هۆکارێکی باشە بۆ داواکردنی پیاوەکانیان بۆ جیابوونەوە!!! توندوتیژی بەرانبەر بە منداڵ و ژنان نامۆیە بەم گەلە! بەڵام گەر توندوتیژی کرا، ئەوا زۆربەی لە لایەن ژنانەوە دەبێت! ژنی تورە دەتوانێ کوخەکە بڕوخێنێ و بەسەر پیاوەکەیدا هاوار بکات. لە نزیک ئەم گەلە، گەلێک هەیە بە ناوی (ngandu) کە لە جوتیارە پێشکەوتوەکان پێکهاتون، بە پێچەوانەی ئەمانەوە، لێرە ژن و منداڵ لە لایەن (سەرۆکی خێزانەوە) لێیان دەدرێ! لە پێناوی ملکەچبوونیان و بەجێگەیاندنی فەرمانەکانی! وە فێرکردنیان بەوەی کە ژیان لەسەر کۆمەڵێک بنەما و قییەم و جێبەجێکردنی فەرمانەکان وەستاوە. گەلی (akapymeerna) ئەم ڕەفتارە ڕەتدەکەنەوە، هەرچەندە ئیرەییشیان پێدەبەن کە منداڵەکانیان ملکەچی فەرمانەکانی سەرۆکی خێزانەکەن.

هەردوو گەلی کورتەباڵاکان و جوتیارە پێشکەوتوەکان هاوکاری یەکترن، هەرچەندە جوتیارەکان بەشێکی زۆری دارستانەکانیان داگیرکردوە و کردویانەتە زەوی کشتوکاڵیی. هاوکاریکردن لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە گەلی دارستان پێویستیان بە ئاڵوگۆڕکردنی ئەو شتانەیە کە ڕاویان کردوە بە بەرهەمی جوتیارەکان، وە لە وەرزی دروێنە و کۆکردنەوەی بەروبوومدا لە لای جوتیارەکان کار دەکەن، هەر خێزانێک لە گەلی دارستان دێنەوە بۆ لای هەمان خێزانی جوتیارە پێشکەوتوەکان کە پێشتر کاریان لەگەڵ کردوون، ئەمە تەقلیدێکە و پێوەی پابەندن. جوتیارەکان وەک کۆیلە ڕەفتار لەگەڵ گەلی دارستان دەکەن و ئەوانیش ڕازی نین بەو ملکەچبوونە لە بەرانبەر گەورەکانیان لە لادێکاندا. بەڵام کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ دارستان دەست دەکەنەوە بە سەما و گاڵتەکردن بە شێوەی ژیانی جوتیارەکان و ڕەفتارکردنی نێرەکانیان لەگەڵ ژنان و خۆشەویستیان بۆ خاوەندارێتی و بیرکردنەوەیان بەوەی کە خاوەندارێتی وایان لێ دەکات بەڕێز بن! گەلی دارستان ڕقیان لە خاوەندارێتییە، چونکە ڕێگرە لە کۆچکردنیان.

گەلی دارستان زۆر ئاژاوەچین، هیچ جۆرە سەرکردایەتییەک و بنەمایەکی کۆمەڵایەتییان نییە! لەگەڵ ئەمەشدا سێ ئەرک هەیە کە هەر کەس سەرکەوتوو بێت تێیاندا دەبێتە جێگەی گرنگی پێدانیان، یەکێکیان نازناوی باشترین ڕاوچییە، کە وردە وردە خەریکە گرنگی نامێنێت، بەهۆی ئەوەی کە ڕاوکردنی تاک بەرەو کەمبوونەوە دەچێت لەبری ڕاوکردن بە تیر و شیر، ڕاوی کۆمەڵی دەکەن بە تۆڕ. هەر کۆمەڵە کوخێکی گەلی دارستان شێوە سەرکردەیەکی هەیە، کە قسەی کۆتایی لای ئەوە کاتێک جەدەلێک لەسەر جێگۆڕکێ یان پەیوەندی لەگەڵ جوتیارەکان دێتە ئاراوە. جگە لەمە کەسێکی پسپۆڕ لە پزیشکی خۆیی و فاڵگرتنەوە و سیحر کردن هەیە. ئەم سێ کەسە گرنگە هەموویان پیاون، بەڵام ئەگەر ئەمە بەهەند وەرنەگرین، ئەوا گەلی دارستان باشترین گەلن لە بواری یەکسانی نێوان ژن و پیاو. ژن و پیاو پێکەوە و بە شانی یەکەوە ڕاودەکەن و کەلوپەلەکانیان هەڵدەگرن و گاڵتە لەگەڵ یەکتر دەکەن. ئەگەر پیاو لە پەیوەندی خێزانی ناڕازی بوو، دەتوانێ بڕوات! لە کاتی لێکجیابوونەوەدا منداڵان ئەوە هەڵدەبژێرن کە لە لای کامیان دەیانەوێت بژین! بەڵام گەر منداڵە شیرەخۆر بوو ئەوا لە لای دایکەکە دەمێنێتەوە. ئەم سەربەستییە مرۆییە گەورەیە لە کۆمەڵە کوخەکانیشدا هەر هەیە، گەر دراوسێیەک لە دراوسێیەکی بێزار بوو، ئەوا یەکسەر دەگوێزێتەوە بۆ کۆمەڵە کوخێکی تر، لەبەر ئەوە ئەو کۆمەڵەیەی کە پێکەوەن و کۆمەڵە خێزانێکن لە گۆڕانکاریدایە و جێگیر نییە، بەڵام خانەی کۆمەڵەکە پێکدێت لە کۆمەڵێک خزم و کەس و ژن و منداڵەکانیان لەگەڵ باپیریان، کە زۆر کات باپیرەکان ڕۆڵێکی یەکلاییکەرەوەیان لە کۆمەڵە کوخەکەدا هەیە. ئەگەر کەسێک لە کۆمەڵە کوخەکەدا هەوڵیدا شانازی بکات و بییەوێت خۆی لەوانی تر جیا بکاتەوە، بە نمونە شانازی بکات بەوەی کە ڕاوچییەکی باشە، هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی خراپی بەرانبەر ناکەن جگە لەوەی دەیکەنە جێگەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی. ئەم ڕژێمە ڕێگە لە دەرکەوتنی جیاکاری و خۆ بە گەورە زانین و نایەکسانی و دروستکردنی هەرەمی کۆمەڵایەتی دەگرێت. زانایانی کۆمەڵناسی قسە لە بارەی ئەوەوە دەکەن کە ناویان ناوە (Prestige avoidanc) مەبەستیان لەوەیە: لەگەڵ دەرکەوتنی (نەرجسییەت) لە یەکێکیاندا، ئەم کەسە دەکەوێتەبەر شاڵاوێکی گاڵتەپێکردنی بە کۆمەڵ، عادەتەن ئەم گاڵتە پێکردنە دەچێتە ئاستی پلارگرتن لە قەبارە و شێوەی ئەندامی زاووزێی ئەو کەسە!! یەکسانی لە ماف و خاوەندارێتی بە کۆمەڵ هەتا لە ڕاوکردنیشدا هەیە، گەر یەکێک بە تەنیا ڕاوێکی باشی کرد، ئەمە مافێکی تایبەتی ناداتێ، بەڵکو دەبێت لەگەڵ هەموواندا دابەشی بکات! ڕەتکردنەوەی ئەمە لە لایەن کەسەکەوە بە هەند ناگیرێ! لەوانەشە هەر ئەم بە هەند وەرنەگرتنە بێت کە بووبێتە هۆی ئەوەی کە گەلی دارستان نەبنە جوتیار! ئاسان نییە، جوتیارێک واز لە بەرهەمی وەرزێکی تەواوی بهێنێ کە بە ماندووبوونی خۆی بەرهەمی هێناوە، بە هەمان ئەو ئاسانییەی کە ڕاوچییەک دەیکات بۆ بەرهەمی ڕاوێک کە لە چەند کاتژێرێک زیاتری پێنەچووە. مژدە بەخشەکان (المبشرین) گرانییەکی زۆر دێتە ڕێگەیان بۆ ئەوەی گەلی دارستان وا لێ بکەن کە پێویستیان بە ئایینەکەیان بێت! گەلی دارستان بڕوایان وایە (ئەو خوایەی کە ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن) دروستی کردون وەک چۆن ئاوا وازی لێ هێناون. باشە بۆچی ئێستا خەڵک دێن لە بری ئەو شتێکی جیاواز دەڵێن!؟ ئەوان بڕوایان وایە ئەوەی مژدە بەخشەکان بە خوا ناوی دەبەن، هەمووانی دروست کردووە و وازی لێهێناوین تا شاد ببن. ئەمە وای لێ دەکات دڵخۆش و ڕازی بێت. بە پێی بڕوای ئەوان (ڕۆح) یک هەیە پێدەڵێن (Dzengi) بە ڕۆژ گرنگی بە دارستان دەدا و بە تایبەتی لە دەووری فیلەکان دەگەڕێ، حەز دەکات خەڵک ڕازی و خۆشحاڵ ببینێ و سەما بکەن و گۆرانی بڵێن. بەم هۆیەوە گەلی دارستان بڕوایان وایە دارستان هەموو شتێکیان بە دیاری دەداتێ و ئەو دایکی بە بەزەییە و ڕۆحێکی بە بەزەیی چاودێری دەکات. لەوەدا لەگەڵ جوتیارەکاندا هاوڕان کە باپیرەی یەکەمیان لە ئاسمانەوە چاودێریان دەکات، تووڕە دەبێت کە کارێکی نابەجێ دەکەن. هەندێ لە بەشەکانی گەلی دارستان بڕوایان وایە کە ڕۆحی باپیرانیان بە بەزەیین و دەیانپارێزن، لە هەمان کاتدا بەشێکیان لێی دەترسن و بەشی سێیەمیش هیچ جۆرە گرنگییەکی پێنادا.

منداڵ لە کۆمەڵگەی گەلی دارستاندا وەک پاشا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ! ئەوان هیوای ئەم گەلەن بۆ مانەوە و بەردەوامبوون، نیشانەی توانان بۆ بەردەوامی ڕاوکردن و دابینکردنی خواردن. نێرینەکانیان لە کاتی گەشتنیان بە تەمەنی گەشەکردنی سێکسی خەتەنە دەکرێن، پەیوەندی سێکسی لە نێوان کوڕ و کچدایە ئەو کاتەی خۆیان بە ئارەزووی خۆیان یەکتر هەڵدەبژێرن. گەلی دارستان هیچ جۆرە تاوانێک نازانن، لە ناویاندا تاوانی دەستدرێژی سێکسی و فڕاندن، لەگەڵ ئەوەی هەموویان نیوە ڕووتیشن!؟؟■

سەرچاوە:
Pygméer
Mbuti pygmies and Farmers
Forest people
The Mbuti of Zaire
Hunters and gatherers

تەوەری چاودێر.. پاشماوە

کچەکەی (نەک دوان) دەداتێ بەبێ هیچ مەرجێک (کۆڕەو: ١٦ :٢ ـ ٢٢)، دوەمیشیان چیرۆکی یەعقوب کە چو بۆ لای (لابان) ی خاڵی کە دو کچی هەبون: (لەیئە) و(ڕاحیل)، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە موسا حەوت ساڵ شوانیی بۆ لابان بکات بۆ ئەوەی ڕاحیلی بداتێ (خولقاندن: ١٥ :٢٩ ـ ٢٠). بەم شێوەیە چیرۆکە قورئانیەکە تێهەڵکێشکردنی ئەو دو چیرۆکەیە، یان پڕکردنەوەی چیرۆکی موسایە بەهەندێک ڕەگەزی چیرۆکی یەعقوب.

٣. لەقورئاندا دروستکردنی گوێرەکە ئاڵتونیەکە بۆ ئەوەی ئیسرائیلەکان بیپەرستن دوای دەرچونیان لەمیسر بەسەرکردایەتیی موسا، دەدرێتە پاڵ کەسێک بەناوی (سامیری) (السامري) وبەم پێیە دەبێت هاوچەرخی موسا وهارون بوبێت (طه: ٨٥ ـ ٩٧)، ئەم شێوازی گێڕانەوەیە لەقورئاندا تێکەڵکردنی دو چیرۆکی تەوراتیە: یەکەمیان چیرۆکی دروستکردنی گوێرەکەی ئاڵتونی لەلایەن هارونەوە (کۆڕەو: ١ :٣٢ ـ ٦)، دوەمیان چیرۆکی دروستکردن ودانانی دو گوێرەکەی ئاڵتونی لەلایەن (یەرۆبعام) (٩١٢ پ. ز.) ی پاشای شانشینیی باکور (ئیسرائیل) ەوە، (پاشایانی یەکەم: ٢٨ :١٢ ـ ٣٣. پاشایانی دوەم: ١٦ :١٧)، بێ گومان ئەم گوێرەکەیە شێوەیەکی خواوەند (بەعل) ی کەنعانیە کە ئیسرائیلیەکانیش وەکو بەشێک لەکۆمەڵگای سوریایی ـ کەنعانی پەرستویانە، ولەگەڵ خواوەند (یهواه) دا بەرامبەریان کردوە وخواوەند یهواهیشیان لەشێوەی گوێرەکەیەکدا نواندوە. ئینجا پایتەختی (یەرۆبعام) شاری (سامیرە) (شۆمرۆن ـ ی عیبری) بو، بۆیە (سامیری) یەک کە گوێرەکەی ئاڵتونیی دروست کردبێت دەبێتە ئاماژەیەک بۆ ئەم یەرۆبعامە. بەتایبەتی کە دواتر کتێبی (هۆشەع) گوێرەکە ئاڵتونیەکە بەو هۆیەوە بە(گوێرەکەکەی سامیرە) ناوزەد دەکات: (هۆشەع: ٥ :٨، ٦). بێ گومان نە چیرۆکە تەوڕاتیەکە دەربارەی هارون بنچینەی مێژویی هەیە نە چیرۆکە قورئانیەکە دەربارەی سامیری، چونکە چیرۆکە تەوڕاتیەکە کە دروستکردنی گوێرەکەی ئاڵتونی دەداتە پاڵ هارون ئەمە ـ وەکو زانایانی ڕەخنەسازیی تەوڕات دەڵێن ـ دەگەڕێتەوە بۆ ترادیسیۆنی پەیوەست بەپیاوانی ئایینی (کیهینە) وهارونیش باوکی هەمو کاهینەکانی نەوەی ئیسرائیلە، بۆیە نوسەری ئەو دەقە ویستویەتی جۆرە پێشەنگییەک بداتە هارون بەو پێیە کە هارون هەر لەو کاتەوە لەهەوڵی ڕێکخستنی کاروباری پەرستشدا بوە. بۆیە دەقە قورئانیەکە چاکی کردوە کە ئەو کارەی نەداوەتە پاڵ هارون، بەڵام ئەوەی نامێژوییە لەچیرۆکە قورئانیەکەدا ئەوەیە کە بابەتەکە دەداتە پاڵ (سامیری) ناوێک کە ئەو کاتە (سەردەمی موسا) هێشتا شاری سامیرە دروست نەکراوە (کە دەوروبەری ٨٧٠ پ. ز. دروستکراوە) وکەسیش نەبوە پێی بوترێت سامیری (دەوترێت کە ئەم نازناوە لە٧٢٢ پ. ز. ەوە بەکارهاتوە). ئەوەی لەم نێوانەدا مێژوییە (یان دەگونجێت مێژویی بێت) تەنها ئەوەیە کە یەرۆبعامی سامیری گوێرەکەی ئاڵتونیی دروستکردوە بەزیاتر لەچوار سەدە دوای موسا!

ئەگەری ئەوەش هەیە تێکەڵکردنێک لەئارادا نەبێت ومەبەست لە(سامیری) یش کەسێکە کە سەر بەگروپی ئایینیی نیمچە یەهودیی (سامیریەکان) بێت کە لەدانیشتوانی شاری (سامیرە) بون ولە جولەکە جیابونەتەوە وباوەڕیان تەنها بەپێنج کتێبەکەی تەوڕات هەیە وپایتەختی ئایینییان شاری (شکیم) ـە بەتایبەتی شاخی (جرزیم) وەکو بڕێتییەک بۆ (صهیۆن).. ئەو کاتە دیارە چیرۆکەکە هەر یەک چیرۆکە وپشتی بەستوە بەدارشتنەوەیەکی درەنگی چیرۆکەکە، کە لەو دارشتنەوەیەدا لەبریی (هارون) کەسێکی سامیری تۆمەتبارکراوە بەدروستکردنی گوێرەکەکە، بەکارهێنانی کەسێتیی (سامیری) یش بۆ ڕۆڵی خراپ شێوازێکی باوە لەنوسینە یەهودیەکاندا، هەر لەسەردەمی (یەشوعی کوڕی سیراخ) ـەوە هەتاکو نوسەرەکانی تەلمود، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕق وبێزەی جولەکە هەیانە لەسامیریەکان، بێ گومان ئەو کاتەش چیرۆکە قورئانیەکە هەر نامێژوییە، چونکە سەرەتای دروستبون (جیابونەوە) ی سامیریەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری (٤٤٥ پ. ز.) ئەمەش واتە سەدەی (٥ پ. ز.)، کەواتە بەزیاتر لەهەشت سەدە دوای موسا هاتونەتەکایە، ئیتر ناگونجێت لەسەردەمی موسادا یەکێکیان گوێرەکەی ئاڵتونیی دروستکردبێت!

٤. بەپێی چیرۆکە قورئانیەکەی یوسیف، کاتێک پەرداخی ئاوخواردنەوەی یوسیف لەتای بارەکەی بینامیندا دەدۆزنەوە کە بەتەگبیری یوسیف خۆی بوە، براکانی دەڵێن ئەگەر دزی بکات ئەوە پێشتر برایەکیشی دزیی کردوە (یوسف: ٧٧)، کە مەبەست یوسیفە. ئەم قسەیە لەچیرۆکە تەوڕاتیەکەدا نیە، بەڵکو ئەمە تێکەڵکردنی ئەم چیرۆکەیە لەگەڵ چیرۆکێکی تەوڕاتی دەربارەی (ڕاحیل) ی دایکی یوسیف کە کاتێک مێردی بەیەعقوب کردوە وماڵی باوکی بەجێهێشتوە بتەکانی ناوماڵی باوکی دزیوە (خولقاندن: ١٩ :٣١).

٥. لەقورئاندا بەگشتی تێکەڵکردنێک هەیە لەنێوان ڕەچەڵەکی هەردو بنەماڵەی موسا وهارون لەگەڵ بنەماڵەی مەریەم: ئەوەی زانراوە لەدەقە یەهودی ومەسیحیەکانەوە ئەوەیە کە موسا وهارون کوڕی (عەمرام) بون ودایکیشیان ناوی (یۆکابێد) بوە (کۆڕەو: ٢٠ :٦)، (مەریەم) یش، بەپێی کەلەپوری مەسیحی وبەتایبەتی (ئینجیلی یەکەمی یەعقوب)کە ئینجیلێکی ئەپۆکریفاییە، باوکی (یواکیم) و دایکیشی (حەننە) بوە، هەرچەند لەئینجیلی (لوکا: ١ :٥) دا تەنها ئەوەندەی لەسەر دەڵێت کە (لە نەوەی هارون) ـە، واتە لەبنەماڵەی لێڤی / هارونە، ئیتر هیچ دەربارەی دایک وباوکی نالێت. بەڵام لەقورئاندا باوکی مەریەم بە(عیمران) (=عەمرام) دانراوە، بۆیە بنەماڵەی مەریەم لەقورئاندا پێی دەوترێت (ئالی عیمران) لەکاتێکدا ئەوە ناونیشانی بنەماڵەی موسایە. هەر بۆیە لەدەقێکی قورئانیدا مەریەم بە(خوشکی هارون) ناوبراوە. هۆکاری ئەم تێکەڵبونەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی موسا وهارون خوشکێکیان بەناوی مریەم (میریام ـ ی عیبری) هەبوە کە لە دەقە ئیسلامیەکاندا باسی نیە، سەرباری ئەوەی لەدەقە مەسیحیەکانیشدا ناوی باوکو دایکی مەریەمی دایکی یەشوع ڕونوئاشکرا نیە.

٦. بەپێی قورئان موسا دارێک دەدات بەبەردێکدا دوازدە سەرچاوەی لێ هەڵدەقوڵێت (البقرة: ٦٠). ئەم چیرۆکە لەڕاستیدا تێکەڵکردنی دو چیرۆکی تەوڕاتیە: یەکەمیان ئەوەیە کاتێک خێڵەکانی ئیسرائیل لەگەڵ موسادا دەگەنە (ئێلیم) لەوێدا دوازدە سەرچاوەی ئاو دەبینننەوە (کۆڕەو: ٢٧ :١٥)، دوەمیشیان ئەوەیە لە(حۆریب)، نەک لەئێلیم، موسا دارێک دەدات بەبەردێکدا کانییەکی لێ پەیدادەبێت (کۆڕەو: ١ :١٧ ـ ٦) نەک دوازدە. بەم شێوەیە چیرۆکە قورئانیەکە تێهەڵکێشکردنی ئەو دو چیرۆکەیە.

٧. بەپێی قورئان فیرعەون داوا لە(هامان) ی وەزیری کردوە کە بەخشتی قوڕی سوتێنراو بورجێک (دەقەکە بە"الصرح" گوزارش دەکات) ی بۆ دروستبکات بۆ ئەوەی بگاتە لای خوای موسا وبزانێت هەیە یان نا؟! (القصص: ٣٨) (غافر: ٣٦، ٣٧). هەر لەسەرەتاوە ئەم چیرۆکە لەگەڵ میسری فیرعەونیدا ناگونجێت، چونکە بەکارهێنانی خشتی قوڕ تایبەتە بەعێراقی کۆنەوە، لەمیسری کۆندا دەگمەن نەبێت خشتی قوڕی سورەوەکراو بەکارنەهاتوە وبەکاریش هاتبێت بۆ کاری بیناسازیی گەورە بەکارنەهاتوە بەڵکو بۆ هەندێک تەواوکاری ومەبەستی تایبەتی بەکارهاتوە، بۆیە ئەو چیرۆکە پەیوەستە بەچیرۆکی دروستکردنی بورجی بابیلەوە وپەیوەندیی بەمیسر وفیرعەونەوە نیە. لەبەر ئەوە ئەم چیرۆکە قورئانیە تێکەڵکردنی چیرۆکی دروستکردنی بورجی بابیلە (خولقاندن: ١ :١١ ـ ٩) لەگەڵ چیرۆکی فیرعەون، سەرباری ئەوەی تێکەڵکردنی ئەمانەشە لەگەڵ چیرۆکی هامان.

٨. بەپێی قورئان (قارون) هەر لەمیسردا دژایەتیی ئیسرائیلیەکان دەکات وپاڵپشتی فیرعەون دەکات ولەم ڕووەوە قورئان (فیرعەون وقارون وهامان) پێکەوە ریز دەکات (العنکبوت: ٣٩) (غافر: ٢٤)، بەڵام چیرۆکە تەوڕاتیەکە لەبنەڕەتدا کە باسی قۆرەح دەکات وا لەبابەتەکە دەدوێت کە دوای دەرچونی ئیسرائیلیەکان لەمیسر قۆرەح وچەند کەسێکیتر لەسەرکردایەتیی موسا یاخیدەبن ئیتر ئاگرێک دێت دەیانسوتێنێت وزەوییش قوتیاندەدات (سەرژمێری: ١ :١٦ ـ ٣٥). بەڵام وا دیارە چیرۆکە قورئانیەکە دەنگوباسی قارونی لەگەڵ چیرۆکی فیرعەوندا تێکەڵکردوە. بەڵگەی من لەسەر ئەوەی کە ئەمانە تێکەڵکردنن وپاساویان نیە ئەوەیە کە ئەو کەسێتیەی تر یاخود ئەو دەنگوباسەی تر ونە لەدەقە ئیسلامیەکاندا: بۆ نمونە باسی مریەمی خوشکی موسا وهارون نەکراوە، بەڵام یەکێک لەسیفەتەکانی (ئەوەی کە خوشکی هارونە) لەقورئاندا دراوەتە مەریەمی دایکی یەشوع.. یان کە بەمەریەم دەوترێت (کچی عیمران) (التحریم: ١٢) لەبەرامبەردا لەقورئاندا ناوی باوکی موسا نەبراوە. ئەمانەش واتە ئەوەی لەقورئاندا لەجێگەی خۆیدا (ون) ـە لەجێگەیەکیتردا دەرکەوتوە.

ئەم چیرۆکە تەوڕاتیانە بەپلەی یەکەم چیرۆکی کولتورین ومەرج نیە مێژویی بن، کاتێکیش قورئان گۆڕانکارییان تێدا دەکات وتێکەڵیان دەکات ئەوە دو جار لەمێژو وواقیع دوردەکەونەوە ورەنگە بەهای کولتورییشیان نەمێنێت چونکە هەر چیرۆکێک بەشێوە ڕەسەنەکەیەوە واتای بنەڕەتیی خۆی دەگەیەنێت. بەگشتی کاتێک لەچیرۆکە قورئانیەکان وهیستۆریۆگرافیای قورئانی وردەبینەوە، وا هەست ناکەین لەمێژویەکی ڕاستەقینە وردەبینەوە، بەڵکو لەباشترین باردا چەند بڕگەیەکی کولتوری ومێژویی ونیمچەمێژویی دەبینین کە بەبێ ڕێکخستنی مێژویی و بۆ مەبەستی فیکری لەبۆنە وجێگای جۆراوجۆردا بەزمانێکی ئەدەبی و کورتبڕ باسدەکرێن.■

داوای لێبوردن

لەژمارەی ڕابردووی ئەم لاپەڕەیەدا، کاپشنی ژمارەی پێشوتر لەژێر وێنەی بەڕێز (ئیدریس شێخ شەرەفی) بەهەڵە نووسرابوو، بۆیە داوای لێبوردن لەبەڕێزیانو خوێنەرانی "چادوێر" دەکەین..■

قەوەری "چاودێر" لەسەر بەهای مێژویی چیرۆکە قورئانیەکان

سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی: لەقورئاندا چیرۆکی مێژوییو نیمچەمێژوییو نامێژویی هەیە، چیرۆکە نامێژوییەکانیشی بەسەر جۆرەکانی (ئەفسانە)و (ئەفسانەی میللی)و (چیرۆکی میللی)دا دابەش دەبن

ئا/ چاودێر

ئەڵقەی دووەم

بەشی دووەم

چۆن چیرۆکە قورئانیەکان لەڕوی بەهای مێژویی «قیمة تاریخیة» دوە پۆلێن دەکەیت؟

سەروەر پێنجوێنی: بێ گومان چیرۆکە قورئانیەکان لەڕوی بەهای مێژوییەوە وەک یەک نین، چیرۆکە نامێژوییەکانیشی وەک یەک نین وپێویستە پۆلێن بکرێن. بەبڕوای من لەقورئاندا چیرۆک وئاماژەی (مێژویی) و(نیمچە مێژویی) و(نامێژویی) هەیە، لەناو چیرۆکە نامێژوییەکانیشیدا (ئەفسانە) «أسطورة» Myth و(ئەفسانەی میللی) «خرافە» Legend و(چیرۆکی میللی) «حكاية شعبية» Folktale هەن. لەقورئاندا ماددەیەکی مێژویی هەیە دەربارەی ئەزمونی یەکەمی ئیسلام وژیانی پێغەمبەر لەدوای ڕاگەیاندنی ئیسلامەوە (واتە ئەو روداوانەی هاوچەرخی قورئان خۆی بون)، لەم لایەنەوە چیرۆک وئاماژە قورئانیەکان زۆر بەکەڵکن، هەرچەند دەبێت زۆر وریا بین لەئاست ئەو پەراوێز ودرێژە وتەواوکاریانەی دواتر لەفەرمودە وگێڕانەوەکاندا بۆ ئەو چیرۆکانەی هاوچەرخی قورئان سازکراون. ئیتر ئەو روداو وچیرۆکانەی لەقورئاندا دەربارەی رابردو هەن وهاوچەرخی قورئان نەبون، هەمویان یان نیمچەمێژوییین یان نامێژوییین. هەندێک چیرۆک وئاماژە لەقورئاندا هەن نیمچەمێژوییین، واتە بنچینەیەکی مێژوییان هەیە بەڵام مەرج نیە لەوردەکاریەکاندا لەگەڵ واقیعی مێژوییدا بگونجێن، چیرۆکەکانی (عاد) و(ثمود) و(أصحاب الفيل) و(أصحاب الاخدود) و(تبع) وگەلێکیتر، نمونەی ئەم جۆرەن. ئیتر ئەو چیرۆکە قورئانیانەی کە پەیوەستن بەچەمکە ئایینی ومیتافیزیاییەکان ومێژوی ئایینەکان وبەتایبەتی ئایینی یەهودی ومەسیحیەوە، بەگشتی چیرۆکی نامێژوییین کە دەتوانین بەسەر پۆلەکانی (ئەفسانە) و(ئەفسانەی میللی) و(چیرۆکی میللی) دا دابەشیان بکەین، هەرچەند کاراکتەری هەندێکیان بنچینەی واقیعییشی هەبێت. لێرەدا دەبێت جیاوازیی نێوان ئەم سێ پۆلە (ئەفسانە، وئەفسانەی میللی، وچیرۆکی میللی) دیاری بکەین: زیاتر لەو پێناسەیەی کە پێشتر بۆ ئەفسانە رونمکردەوە، پێوەرێکی سەربار بۆ دەستنیشانکردنی ئەفسانە کاراکتەرە کە ئەگەر کاراکتەری بنەڕەتیی چیرۆکێکی پیرۆز خواوەندبێت ئەوە ئەفسانەیە وئەگەر لەخواوەند خوارتربێت (بۆ نمونە جنۆکە وپاڵەوانی خوایی) ڕەنگە ببێتە ئەفسانەی میللی وشتیتر، بۆیە هەندێکجار ئەفسانە پێناسەکراوە بە (چیرۆکی خواوەندەکان). پێوەرێکیتریش ڕەنگە ئاستی بابەتەکەی بێت، واتە ئەگەر چیرۆکێکی پیرۆز لەروداوێک یان بابەتێک بدوێت کە لەسەر ئاستی بونەوەر وجیهان گرنگ وکاریگەر بێت ئەوە ئەفسانەیە وئەگەر لەبابەتێکی لاوەکی بدوێت وزیاتر تایبەت بێت بەکۆمەڵگایەک وکەسێتییەکی نەتەوەیی ومیللیەوە ئەوە لەئەفسانە خوارترە: بۆنمونە ئەفسانەی میللیە. ئینجا ئەگەر چیرۆک بەهای ئایینی زۆر کەم ببێتەوە وکاراکتەرەکانیشی ببنە خەڵکی ئاسایی ئەوە دەبێتە (چیرۆکی میللی) کە چەمک وڕێنەی ئایینی زەقی تێدانیە وئاکاری پیرۆزیی نیە. وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا، چیرۆکە بنەڕەتیەکانی (خولقاندنی ئاسمان وزەوی) و(ئادەم وحەووا) و(دو کوڕەکەی ئادەم) وتا ڕادەیەکیش (تۆفانی نوح) وهەروەها (خەوتوەکانی ئەشکەوت) ورەنگە (هاروت وماروت) یش، نمونەی ئەفسانەکانی قورئانن، هەرچەند شێوەی گێڕانەوەیان لەقورئاندا لەئەفسانەی میللی وچیرۆکی میللی نزیکیاندەکاتەوە. هەروەکو لەقورئاندا بەشێوەیەکی پەرتوبڵاو ئەفسانەی (تێکچونی گەردون وهاتنی ڕۆژی دوایی) هەیە. ئینجا ئەو چیرۆکانەی کە لەقورئاندا هەن دەربارەی کەسێتیەکانی (ئیدریس) و(ئیبراهیم) و(ئیسماعیل) و(یوسف) و(یونس) و(ئەییوب) و(موسا) و(عوزەیر) و(ئیلیاس) و(یەحیا) و(عیسا) وگەلێکیتر، هەمویان دەتوانین بە(ئەفسانەی میللی) یان پۆلێنبکەین، هەرچەند هەندێک لەمانە کەسێتیی واقیعییش بوبن، گرنگ ئەوەیە ئەو چیرۆکانەی لەقورئاندا دەربارەیان هەیە مێژویی وواقیعی نین یان هیچ بەڵگەیەکی مێژوییان لەسەر نیە، بەڵکو لەپلەی یەکەمدا چیرۆکی کولتورین ولەسەر کۆمەڵێک چەمک وداب ونەریتی ئایینی وسەیروسەمەرەیی وەستاون، وهەرچەند شێوازی گێڕانەوەشیان لەقورئاندا لە(چیرۆکی میللی) نزیکیاندەکاتەوە، وهەرچەند چیرۆکی هەندێکیشیان لەبنەڕەتدا ئەفسانەیەکی ڕەسەنە (وەکو چیرۆکی عیسای بێباوک لەدایکی هەمیشە کچ کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانە دێرینەکانی پەرستشی خواوەندی دایک کە یەکەم پەرستراوی مرۆڤە و.بەپێی ئەو کولتورە دێرینە. بەبێ بونی نێرینە کوڕی دەبێت. هەروەها وەکو بنەڕەتی چیرۆکی یوسیف کە بەبڕوای هەندێک نمونەیەکی ئەفسانەی تەمموزە کە ئەویش وەکو تەمموز پەیوەستە بەدایکیەوە ودواتریش زیندانەدکرێت وپاشان دێتەوە نێو ژیان وهاتنەوەی دەبێتە مایەی پیتوفەڕ بۆ دەوروبەر). نمونەی (چیرۆکی میللی) ی بنەڕەتییش لەقورئاندا: چیرۆکی (أصحاب الجنة) ئەوانەی باخێکیان هەبوە وبەشی هەژاریان نەداوە ودواتر بەبەڵایەک (وەکو لاڤای گرکان) سوتاوە (ن: ١٧ـ ٣٢)، کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی یەمەن، چیرۆکی دو باخەکە (الكهف: ٣٢ـ٤٣) کە چیرۆکێکی عەرەبیی ناوچەییە، چیرۆک وئامۆژگاریەکانی لوقمان (لقمان: ١٣ـ ١٩) کە تێکەڵەیە لەکەسێتیی هەرسێ (ئەحیقار) و(تۆبیا) و(بەلعامی کوڕی باعور) ورەنگە (ئەیسۆپ) Aesopos یش، وهەندێکیتر.

ئادەم و حەووا

واتاو ڕەهەندە مێژویی و کولتوریەکانی چیرۆکی (ئادەم و حەوا) چین؟

سەروەر پێنجوێنی: چیرۆکی (ئادەم وحەووا)، یان (ئادەم وهاوسەرەکەی) بەپێی زاراوەی قورئانی، لەدوای ئەفسانەی (خولقاندنی ئاسمانەکان وزەوی) ەوە، گرنگترین ئەفسانەی قورئانە، ولەهەمو کولتور وئایینەکانیتریشدا هەروایە، چونکە ئەم چیرۆکە چۆنێتیی دروستبونی کۆمەڵگای مرۆڤ ڕوندەکاتەوە وفەلسەفەی بونی مرۆڤ وباکگراوندی بونەکەی دادەڕێژێت، لەبەر ئەوە گەورەترین ڕۆڵی لەپێکهێنانی بیروباوەڕ وجیهانبینیی ئیسلامیدا هەیە، هەمو موسوڵمانێک وابیردەکاتەوە کە بونی ئێمە لەسەر زەوی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چیرۆکە: ئێمە، یاخود باپیرەی ئێمە، لەبەهەشتدا بوین لەئاسمان، بەڵام بەهۆی هەڵە وسەرپێچییەکەوە لەو بەهەشتە دەرکراین وهاتینە سەر زەوی ودەبێت کاربکەین بۆ ئەوەی شیاوی ئەو بەهەشتە ببینەوە وبچینەوە بۆئەوێ! دەتوانم بڵێم ئەمە کورتەی فەلسەفە وجیهانبینیی ئیسلامیە! هەر بەکاریگەریی ئەم چیرۆکە لەبیری ئیسلامیدا دژایەتییەکی سەرسەختی بیرۆکەی گەشەکردنی مرۆڤ وکۆمەڵگا وئایینەکان دەکرێت، چونکە بەپێی ئەم چیرۆکە ئادەم لەگەڵ خۆیدا زمان وکولتور وئایینی یەکتاپەرستیی هێناوە

سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

وگەیاندویەتی بەنەوەکانی.. لەکاتێکدا، بەپێی بڕوای زانستی، مرۆڤ لەهەردو لایەنی جەستەیی وکولتوریەوە گەشەی زۆری کردوە تا گەیشتوەتە ئەم بار وئاستە جەستەیی وکولتوریەی ئێستا، لەلایەنی بیری ئایینییشەوە هەموی نزیکەی سێ هەزار ساڵ دەبێت مرۆڤ گەیشتوەتە بیرۆکەی یەکتاپەرستی وبناغەکانی ئەو ئایینانەی پێیان دەوترێت ئایینە ئاسمانیەکان، یەکەم خواوەندێکیش کە مرۆڤ پەرستویەتی خواوەندی مێ (دایک) ە، ئینجا دواتر بەگەشەکردنی کولتوری کۆمەڵگای باوکسالاری خواوەندی (کوڕ) و(باوک) پەیدابون، ئەمانەش هەرکوڕ وباوکی ئەو خواوەندە مێیەن ولەسەر بنچینەی ئەو دروستبون.

لە لایەنی سەرچاوەوە، چیرۆکە قورئانیەکە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکە تەوراتیەکەی (ئادەم وحەواە) لەڕێگەی کۆمەڵێک دارشتنەوەی یەهودیەوە بۆ چیرۆکەکە لەهەندێک دەقی لاوەکیی وەکو میدراشەکان (بەتایبەتی: میدراش ڕەببا، بێرێشیت ڕەببا: لەسەر کتێبی خولقاندن: ٢ :٢٤) وتەلمودا (تەلمودی بابلی: فیصاحیم، لا. ٥٤أ، ٩٤أ، ١١٨أ. عیروبین، لا. ١٣ب، ١٨أ، ب، ١٠٠ب. شەببات، لا. ٩٥أ. سوکاه، لا. ٥٢ب، یۆما، لا. ٧٥أ. سۆطاه، لا. ١٢أ، ١٤أ). هەروەها چیرۆکەکە لەکۆمەڵێک دەقی یەهودی ـ مەسیحیدا دارێژاوەتەوە، وەکو (ژیانی ئادەم وحەوا) Vita Adae et Eve ی یۆنانی ولاتینی وسلاڤی کە دەگەڕێنەوە بۆ بنچینەیەکی عیبری کە دەگەڕێتەوە بۆسەدەی (١ ز.). چیرۆکە تەوراتیەکەش سەرچاوە وبنچینەی دەچێتەوە بۆ ئەفسانە شومەری وبابیلیەکان: لەنێو دەقە شومەریەکاندا چەند دەقێک هەیە کە باسی دروستکردنی مرۆڤ دەکەن لەلایەن خواوەندەکانەوە، بەپێی دەقێکیان مرۆڤ بۆ ئەوە دروستدەکرێت کە خزمەتی خواوەندەکان بکات وکارەکانیان بۆ ئەنجامبدات وخواردنیان بۆ ئامادەبکات، ئیتر خواوەند (نامو) بەسەرپەرشتیی خواوەند (ئێنکی)، وبەیارمەتیی خواوەند (نینماخ) خواوەندی زەویی دایک وخواوەندەکانی زەیستانی، ئەو کارەی ئەنجامدا، بۆ ئەو مەبەستەش بڕێک قوڕی گرتەوە کە جوان شێلرا وئینجا شێوە وئەندامەکانی بۆ سازاند وشێوەی خواوەندەکانی خرایەسەر وبەم شێوەیە مرۆڤ دروستکرا. لەئەفسانەیەکی شومەرییەتردا بەهەمان شێوە باسی دروستکردنی مرۆڤ دەکرێت بۆ کاروباری خواوەندەکان، دەڵێت سەرەتا خواوەندەکان خواردنی نان ولەبەرکردنی بەرگیان نەدەزانی، بەڵکو روەکیان دەخوارد وئاوی کانی وجۆگەکانیان دەخواردەوە، هەتا (لەهار) خواوەندی ئاژەڵ وماڵات و(ئەشنان) خواوەندی دانەوێڵە دروستکران، ئیتر خۆراکی زۆر لەشیر ودانەوێڵە بۆ خواوەندەکان فەراهەم هات، بۆ سەرپەرشتیی پەچە وپشتیرەکانی لەهار وئەشنانیش مرۆڤ دروستکرا. لەلای بابیلیەکانیش چەند ئەفسانەیەک دەبینینەوە کە هەمان کۆمەڵە بابەت وچەمک دوپاتدەکەنەوە: سەرەتا لەداستانی (ئینوما عیلیش) دا کورتەیەک دەبینین کاتێک (روتەختی حەوتەم) لەیەکێک لەوەسفەکانی خواوەند مەردوکدا دەڵێت: (ئەو کەسەی بەزەیی بەخواوەندە چەوساوەکاندا هاتەوە، باری قورسی کاروبارەکانی لەسەر خواوەندەکان لابرد، ئیتر مرۆڤی دروستکرد بۆ ڕزگارکردنیان). لە(دەقەکەی سیپار) یشدا کە لە وێرانەکانی شاری سیپاردا دۆزراوەتەوە ودەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٦ پ. ز.)، ولەبنەڕەتدا جادویەکە بۆ پاکۆکاریی پەرستگا، باسی دروستکردنی مرۆڤ دەکرێت ودەڵێت دوای دەرکەوتنی خواوەندەکان ودروستبونی شار وپەرستگا خواوەند مەردوک چنگێک قوڕی لەناوئاو دەرهێنا وشێلای ومرۆڤی لێ دروستکرد، بۆ ئەوەی خواوەندەکان نەمربن ولەجێگەکانی خۆیاندا ئارامبگرن، لەگەڵ ئەوەشدا گژوگیا وقەوزەی هۆڕاوەکان وقامیش وتەختە ولەوەڕگا وزەوی وزار وزۆنگاو وباخ ودارستان وهەروەها ئاژەڵەکانی دروستکرد، جگە لەوەی دیجلە وفورات دروستکرد وڕێڕەوەکەیانی دیاریکرد. لەدەقێکی بابیلییتردا کە باسی دروستکردنی بونەوەر وژیان دەکات دەڵێت: (خواوەند ئیا [واتە ئێنکی] ژن ومێردێکی لاوی دروستکرد، وڕێز وپلەیانی بەسەر هەمو دروستکراواندا بەرزکردەوە). دەقێکی بابیلییتر هەیە کە نوشتە وجادویەک بوە بۆ ئاسانکردنی منداڵبون، خواوەندی دایک (مامی) کە هەمان خواوەندی زەویی دایک (نینماخ) وخواوەندی زەیستانی ومنداڵبون (نینتو) ە، بەخولقێنەری مرۆڤ دادەنێت، دەڵێت بۆ ئەوە مرۆڤی دروستکردوە باری قورسی کاروباری خواوەندەکان هەڵگرێت ولێیانبترسێت وبیانپەرستێت، کارەکەش بەیارمەتی وسەرپەرشتیی خواوەند ئێنکی دەبێت، بۆیە ئێنکی بڕە قوڕێک بۆ نینتو ئامادەدەکات کە ئەمیش دەیشیلێت وسازیدەکات، ئینجا بەفەرمانی ئێنکی خواوەندێک سەربڕا وگۆشت وخوێنەکەی لەگەڵ قوڕەکەدا شێلرا وبەم شێوەیەش مرۆڤ دروستکرا. ئەفسانەیەکی بابیلی تێروتەسەلیش هەیە لەسەر روتەختێک نوسراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٨ پ. ز.) وباسی دروستکردنی یەکەم نێر ومێی مرۆڤ دەکات لەخوێنی چەند خواوەندێکی بچوک، دەڵێت دوای ئەوەی ئاسمان وزەوی دروستکران وجۆگە وجۆبارەکان ڕێکخران ودیجلە وفورات جێگیربون خواوەندە گەورەکان (ئانو، ئێنلیل، ئیا) بیریانکردەوە چ کارێکیتر ماوە ئەنجامیبدەن، خواوەندەکان بەگشتی وەڵامی خواوەند ئێنلیلیان دایەوە کە با مرۆڤ دروستبکرێت، بۆ ئەمەش ژمارەیەک لەخواوەندەکانی لامجا (کۆمەڵێک خواوەندی کارکەر ولاوەکی بون) سەر ببڕێن ولەخوێنەکەیان مرۆڤ دروستبکرێت، ئەمەش بەئامانجی ئەوەی خزمەتی خواوەندەکان بکات: پارێزگاریی خەندەکەکانی سنورەکان دەکات، سەبەتە ونوێڵ بەدەستەوە دەگرێت، پەرستگا بۆ خواوەندەکان دروست دەکات، کێڵگەکان مشتومااڵ دەکات، خەندەک هەڵدەکەنێت، پارێزگاریی بەردەکانی سنوری کێڵگەکان دەکات، زەویەکان ئاودەدات، خێروبەری زەوی بەرهەمدەهێنێت، ئاهەنگ بۆ جەژنی خواوەندەکان دەگێڕێت، ئاوی سازگار دەردەهێنێت، ئاژەڵ وماڵات وماسی وپەلەوەر بەخێودەکات. بۆیە یەکەم نێر ومێ دروست کرا کە ناویان (ئولیجار) و(ئیلجار) بو.

لە سەرجەمی ئەم ئەفسانە شومەری وبابیلیانە کۆمەڵێک بابەت وچەمک دەربارەی دروستکردنی مرۆڤ وفرمانەکەی دەبینینەوە کە دواتر لەچیرۆکە تەوراتی وقورئانیەکەدا بەشێوەیەکی گەشەکردو دەردەکەونەوە، ئەوانەش: دروستکردنی مرۆڤ لەقوڕ بەشێلان وسازکردنی، یاخود دروستکردنی لەقوڕ ولەبەشێکی خوایی (کە لەئەفسانە بابیلیەکەدا خوێنی خواوەندێکە ولەئەفسانە تەوراتی ـ قورئانیەکەدا ڕۆحێکە کە لەخواوەندەوە هاتوە)، دروستکردنی مرۆڤ بەشێوەی نێر ومێیەک، دروستکردنی مرۆڤ لەسەر شێوەی خواوەند (ئەمە لەدەقە شومەری وتەوراتیەکەدا ئاشکرایە، لەئیسلامیشدا لەفەرمودەیەکدا هاتوە کە دەڵێت خوا ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروستکردوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ لەدەقە تەوراتیەکەوە خوازراوە)، ڕێز وپلەوپایەی زیاتری ئەو مرۆڤەی دروست کراوە بەسەر هەمو دروستکراوانیتردا (لە دەقە بابیلیەکەدا ولەچیرۆکە تەوراتی ـ قورئانیەکەدا)، ئینجا بابەتێکی هاوبەشیتر بریتیە لەدروستکردنی مرۆڤ بەئامانجی ئەوەی کارەکانی خواوەند لەسەر زەوی ڕاپەڕێنێت، لەدەقە شومەری وبابیلیەکاندا دەوترێت کە مرۆڤ بۆ ئەوە دروستکراوە کە کاروباری کشتوکاڵ وئاودێری وئاژەڵداری ودروستکردنی پەرستگا وئاهەنگە ئایینیەکان ڕادەپەڕێنێت، ئەمانەش دیارترین کاروبارەکانی شارستانێتیی مرۆڤی ئەو سەردەمەن، لەتەوراتیشدا هاتوە ئادەم بۆ ئەوە دروستکراوە کە بەهەشت بۆ خۆی بەکەڵکبهێنێت وسەرداری دروستکراوان وگیانداران بێت، کاتێکیش دێتە سەر زەوی دەبێت بەئارەقی نێوچاوان نان پەیدابکات وهەمیشە لەسەرزەویدا کاربکات (خولقاندن: ١٥ :٢ـ٢٠، ١٧ :٣ـ١٩)، بەهەمان شێوە لەچیرۆکە قورئانیەکەدا زۆر بەڕونی باسکراوە کە مرۆڤ بۆ ئەوە دروستکراوە جێنشینی خوا بێت لەسەرزەویدا (البقرة: ٣٠).

جگە لەمانەش نەخشێکی شومەری دۆزراوەتەوە کە وێنەی دو کەسە (ژن وپیاوێک) لەدەوری درەختێک (دارخورما) دانیشتون وخەریکە لەبەرەکەی دەخۆن. هەروەها باسی نەخشێکی بابیلی دەکرێت کە وێنەی ژنێکە سێوێک پێشکەشی پیاوێک دەکات.

بێ گومان چیرۆکەکە مێژویی وواقیعی نیە، بەڵام لەواقیعێکی گشتی دەدوێت کە بونی مرۆڤ وکۆمەڵگای مرۆییە، ئەمەش واتە لەدەرەوەی مێژوە یان هەمو مێژوی مرۆڤ دەگرێتەوە. چیرۆکەکە لەدیمەن ولەکرۆکیشدا چیرۆکی چۆنێتیی هاتنەکایەی مرۆڤ وخێزان وکۆمەڵگای مرۆڤە لەسەر زەوی. بەم شێوەیە لێرەدا هەوڵ دەدەین هێماکانی شیکاربکەین ومەبەست وباکگراوندەکەی بدۆزینەوە:

سەبارەت بە(ئادەم)، وشەکە لەعیبریدا بەواتای مرۆڤە، وبەپێی بیروڕایەک لەوشە وکەسێتیی (ئاداپا) ی شومەریەوە هاتوە کە هێمای مرۆڤی نوێ (ژیر) ە لەکولتوری شومەریدا، بەڵام ئەوەی ئێستە ساخ بوەتەوە ئەوەیە کە وشەکە وشەیەکی ئوگاریتی (پێش ـ فینیقی) ە بەواتای مرۆڤ، زمانی عیبرییش لقێکە لەزمانی کەنعانی، لەدەقەکانی ئوگاریتدا وشەی (ئادەم) هاتوە بەواتای مرۆڤ، لەدەقە ئوگاریتیەکەدا دەستەواژەی (اب ادم) هاتوە کە بەواتای باوکی مرۆڤەکانە. بەهەمو شێوەیەک دیارە کە (ئادەم) هێمایە بۆ مرۆڤ، یان پیاو بەتایبەتی. (حەووا) یش کە (حەوواه) ی عیبری لەبنەڕەتدا لەریشەی (حایا) واتە (ژیان) «حیاه» دوە هاتوە، ئەمەش واتە سەرچاوەی ژیانە ودەزێت واتە دەهێنێتەژیان، کەواتە هێمای (ژن) ە بەگشتی.

بەم شێوەیە (ئادەم وحەووا) واتە (پیاو وژن) بەگشتی، بەڵام زمانی چیرۆک دەیانکات بەدوکەسی بەرجەستە. بەهەشت چیە؟ ئەمەیان چەند ڕەهەندێکی تێدایە: پێش هەمو شتێک بەهەشت واتە شوێنێکی نائاسایی (خوایی وئاسمانی) کە لەم واقیعەی ئێمە ناچێت ووەکو ئەم ژینگە وژیانە سەختەی ئێمە وئێستەنیە، لۆجیکی ئەم چیرۆکەش ئەوەیە حاڵەتی پێش ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی ڕوندەکاتەوە، بۆیە ئاماژە بۆ ژینگەیەک کراوە کە ئاسایی نیە وجیاوازە. ئینجا مرۆڤی عێراقی دێرین وئەم ناوچەیە بەگشتی، یادەوەرییەکی هەبوە کە ناوچەی سەرکەنداوی عەرەبی بەم شێوەیەی ئێستا نەبوە وشین وبەهەشتئاسا بوە، بەڵام دواتر بارودۆخی ژینگەیی گۆڕاوە وئەو بەهەشتە لەدەست دەرچوە وئەم ژینگە وژیانەی ئێستە پێکهاتوە، کەواتە بەهەشتێک هەبوە کە لەدەست دەرچوە ودەبێت دەستی بخەینەوە وبۆی بگەڕێنەوە، ئەمە بوەتە خەون وئاواتێک. جگە لەوەی باخی درەخت شوێن وجێگەیەکە کە سێبەرە واتایەکی سێکسی دەدات، چیرۆکەکەش بەگشتی کەشێکی سێکسیی هەیە: ژن وپیاوێک بەتەنها لەباخێکدا دەژین. لێرەوە هێماکانیتری چیرۆکەکە شیکاردەبن. گرنگترین هێمای ئەم چیرۆکە ئەو دەرختە یاخود ڕوەکەیە کە قەدەغەبوە لەو بەهەشتەدا، لێرەدا جۆری درەختەکە لەخۆیدا گرنگ نیە ودیاریکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی ئەو کولتورە، بۆ نمونە لەژینگەی شومەریەکان (باشور) زیاتر خورما هەبوە، بۆیە لای ئەوان دارخورما بوە، لەوڵاتی بابیلیش (ناوەڕاستی عێراق) کە زیاتر باخی درەختی میوە ومزرەمەنی هەیە، ڕەنگە دارسێو بوبێت، لەژینگەیەکیتردا کە گەنم خۆراکی بنچینەییە دەبێتە گوڵەگەنم (لێرەدا هەڵوێستەیەکی تایبەتی لەسەر ئەو قسەیەش دەکەین کە دەڵێت ئەو درەختە مێو بوە، ئەمە ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ نەمری، چونکە مێو ترێ بەرهەم دەهێنێت کە عارەقی لی دروستدەکرێت کە ئەمەش، بەپێی قورئان وکولتورە دێرینەکانیش، خواردنەوەی نەمرەکانە).

لەقورئانیشدا ئەو درەختە دیاریکراوە بە(درەختی نەمری) کە دەڵێت: (قال: يا ادم هل أدلك على شجرة الخلد وملك لا يبلى؟) (طه: ١٢٠)، (نەمری) یش لەخۆیدا واتە ژیانێکی دورودرێژ، لەهەمان کاتیشدا لاوێتی وپیرنەبون، بۆیە هەمیشە لەکولتوردا سێ بابەتی هاووا تا دەبینینەوە کە بریتین لە(ژیان) و(لاوێتی) و(نەمری). بۆیە درەختەکە (یاخود میوەکەی) بەگشتی هێمایەکی دولایەنەیە بۆ ژیان وهۆکاری بەردەوامبونی ژیان واتە سێکس، ئەم ژیان وسێکسەش لەکولتوری کۆندا بەتایبەتمەندیی ژن زانراوە، ژن بەسەرچاوەی ژیان ودەستپێشخەر ودنەدەری پیاو دانراوە لەپەیوەندیدا. بۆیە لەهەندێک وێنە ودیمەنی ئەفسانەییدا دەبینرێت ژنێک میوەیەک (بەتایبەتی سێو) پێشکەشی پیاوێک دەکات، یان وەکو لەچیرۆکە تەوراتیەکەدا دەبینرێت، کە حەووا دەستپێشخەرە لەخواردنی میوەکەدا وئادەمیش هەڵدەنێت بۆ خواردنی، بەڵام لەچیرۆکە قورئانیەکەدا ئەم بابەتە کاڵبوەتەوە وهیچ بایەخێک بەم لایەنە نەدراوە. بەم شێوەیە خواردنی ئەو میوەیە دەبێتە هێمایەک بۆ پەیوەندیی سێکسی.

لەتەوراتیشدا درەختەکە، جگە لەوەی ناودەنرێت (درەختی ژیان)، ناودەنرێت (درەختی ناسینی چاکە و خراپە) (خولقاندن: ٢:٩)، بەڵام ئەمەش هەر پەیوەندیی بەچەمکی ژیانەوە هەیە، چونکە مەبەست لە(چاکە) هەر شتێکە لەبەرژەوەندیی ژیاندا بێت، (خراپە) یش هەر شتێکە ڕێگر بێت لەژیان، هەتاکو (ناسین) «معرفة» لەزمانی تەوراتدا زۆر جار واتایەکی سێکسیی هەیە، بۆ نمونە دەڵێت: (ئادەم حەووای ..

بۆ ل١٩ ←

عەلمانییەتی هەڵبەستراو

نوسینی: فەوزیە مەتەر
و: عەبدوڵڵا ئیبراهیم

عەلمانییەت ڕۆژێک لەڕۆژان دژی ئاین نەبوە، عەلمانییەت لە جەوهەری راستەقینە و لەبناغەدا، لەڕێزگرتنی ئاین و پیرۆز راگرتنی پەیامەکەی هەڵقوڵاوەو بانگگەشە بۆ پاراستنی ئاین دەکات لە هەموو دەستوەردانێک یاخود دەستدرێژیکردنە سەرێک. عەلمانییەتی راستەقینە پلەوپایەی ئاین لەلای مرۆڤ بەرز دەکاتەوە و ئاین لە پلەوپایەیەکی مەزن لەویژدانی میللەتدا دەپارێزێت. بەڵام عەلمانییەت لەناوچەی عەرەبی و ئیسلامیدا شێوێنراوە، لەناوەوە بەهزری توندرەویی یاخود درێژدادڕی کە تەنها بیرۆکەی دوورخستنەوەی ئاین لەبوارەکانی ژیان بەگشتی خزمەت دەکات، ئەمەش بەبۆچوونی ئێمە ئاراستەیەکی لاوازو هەڵەیە، یان لە دەرەوەی ناوچەی عەرەبی و ئیسلامیدا، بەمەبەستی رێگرتن لە پرەنسیپەکانی عەلمانییەتی تازەگەری لەبڵاوبوونەوە لەناو کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکاندا، ئەمەش بۆ چەندین مەبەستی جیاجیا. عەلمانییەت تەنها بە واتا ئاسان و باوەکەی وەرناگیرێت کە دەوڵەت لەئاین یاخود دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی ئایینی جیادەکاتەوە. زاراوەی عەلمانییەت لە وشەی (سیکیۆلاریزم)ی لاتینییەوە هاتووەو واتای بە جیهانیی بوون دەگەیەنێت، واتا ژیانی دونیا بەهەموو ئەو گۆرانکاری و پێداویستییانەی بەدرێژایی مێژوو رووی تێدەکات. لەم چوارچێوەیەداو لەسەر ئاستی زمانی عەرەبیمان، چەمکی عەلمانییت بە واتای ژیانی دونیایی دێت، دونیاو جیهان بە گشتی، بۆیە وترا عەلمانییەت کە لە (عالم)ەوە هاتووە، هەروەک بە(عیلمانییەت)یش کە لە زانستەوە سەرچاوەی گرتووە، ناودەبرێت. ئەم چەمکە بە گوێرەی واتاکەی لە هەردوو حاڵەتدا ماناکەی تەواوە، ئەمەش لەرێگەی جیاکردنەوەو شیکردنەوەیدا روونەبێتەوە، چونکە زانست لە جیهانی ئەمرۆدا سەرووی هەموو شتێکەو بنەمای گەشەکردن و نوێبوونەوەی کۆمەڵگاکانە. ئەو پێشکەوتنە ئابوری و پیشەسازی و تەکنیکی و شارستانییەتەی کۆمەڵگای خۆرئاواش بەدەستیهێناوە، دەرەنجامی ئەوە بووە، کە ئەم چەمکەی (عەلمانییەت) کردووەتە قیبلەونمای زانست و پشتی پێبەستوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، گەر ئێمە چاوێک بەو گەشەکردن و پێشکەوتنەدا بخشێنینەوە، ئەبینین تەنها لەرێگەی زانستەوە بووە. لەلایەکی دیکەوە ژیان لەجیهانی ئەمرۆدا، کە گۆڕانی زۆری بەخۆوە بینیوە لەئەنجامی داهێنانە زانستییەکاندا، ژیانێکی لکاو و گشتگیرە. هەموو ناوچەیەکی سەرگۆی زەویش دەبێت لەو گۆڕانەدا بەشداربێت وەک ئیستحقاقێکی پێویست لەهەر قۆناغێکی مێژوویدا بێ هیچ رێساو یاسایەکی چەسپاو یان تاپۆیەک کە رێگە لەگۆڕان بگرێت. عەلمانییەت بەم واتایە، چەمکێکی گشتییە تایبەت نییە بە وڵاتانی خۆرئاواوە، بەڵکو توانای جێبەجێکردنی لەهەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا هەیە، بەدەر لە ئاین و رۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە. ئەوەی پێویستە دەبێت هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی باشترین رێگەی گونجاو، عەلمانییەت و شێوەی جێبەجێکردنی لەگەڵ باروودۆخەکەیدا هەڵبژێرێت. جێگەی ئاین چییە لێرەدا؟ ئایا هیچ دەستوەردانێک لە سەنگیدا هەیە؟ بێ گومان نە، ئاین هەمیشە لەپلەوپایەی پیرۆزیدا لەلای میللەت و کۆمەڵگەدا دەمێنێتەوە، ئاین هەر ئەو چرا رۆحییەیە کە رێ پیشاندەری مرۆڤە لە ژیانیدا. پرەنسیپ و بەها ئاینییەکان هەمیشە وەک هێمایەک دەمێننەوە کە مرۆڤ دوایان دەکەوێت بۆ ئەوەی رەوشت و بوونی مرۆڤایەتی خۆی بەرزتر بکات. بەم واتایە، ژیانی مرۆڤایەتی لە دوو تۆدا دەبێت، یەکەمیان ژیانی مادی و پێداویستییە گۆڕاوەکانی بژێوی، دووەمیشیان ژیانێکی رۆحییە، کە جەوهەرەکەی پەیوەندی تایبەتی نێوان مرۆڤ و خودایە. هەریەک لەم دوو ژیانەش بنەمای خۆیان هەیە، کە چوونە ناویەکیان سیستمی بوونی مەنتیقی دەشێوێنێت. لەبەر ئەوەی مرۆڤیش خاوەنی بیرەو توانای دۆزینەوەی رێگەچارەی هەیە، ئەوا دەتوانێت ناوەرۆکی هەردوو ژیانی مادی و رۆحی و ماف و ئەرکەکانی لە هەر یەکیان بزانێت. لێرەشدا بەرپەرچی راوبۆچوونی هەندێک لە زانایان و پیاوانی ئاینی دەداتەوە کە خۆیان بە نوێنەری خودا لەسەر زەوی دادەنێن و تەنها ئەوان بۆیان هەیە فەرمودەکانی خودا شیبکەنەوە. رۆڵی پیاوان و زانایانی ئاینی ئەوەیە کە تەنها لایەنی رۆحی ژیان و دەرەنجامەکانی روونبکەنەوە بۆ ئەو کەسانەی ئاستی زانستییان یاخود توانای بیرکردنەوەیان کەمە، بۆ ئەوەی لە واتاو گرنگی لایەنی رۆحی لە ژیانداو لە بەهای جەوهەری پرەنسیپ و ئەخلاقی ئایینی تێبگەن بەمەبەستی دەستەبەرکردنی هاوسەنگی لە ژیانی مرۆڤایەتیداو دابینکردنی پێداویستییە نەگۆڕەکانی کەسایەتییەکان، تەنها ئەمەیە رۆڵی زاناو پیاوانی ئاینی. بەمەش بواری سیاسەت و ئیدارەی دەوڵەت دوور دەبێت لە ئەرکی پیاوانی ئاینی، وەئەگەر کەسی ئاینی ویستی رۆڵێکی کارا لە بواری سیاسەتدا بگێرێت، ئەوا دەبێت یەکەم جار خۆی پرچەک بکات لە رووی پەیداکردنی زانیاری زۆر لەو بوارەدا، دووەمیان دەبێت دەستبەرداری رۆڵی ئاینی خۆی بێت نەک واز لە ئاینەکەی بێنێت، هەروەها بۆ پیاوانی بواری سیاسەتیش. عەلمانییەت کەباس لە دوو ژیانی تایبەت دەکات، ژیانێک لە نێوان مرۆڤ و خوداو ژیانێکی گشتیش، کە جۆری ژیانی مرۆڤ و رێبازو یاساکانی ژیان لەخۆ دەگرێت کەپێویستە جیابکرێتەوە. عەلمانییەت باس لەهەموو ئاینەکان دەکات و تەنها تایبەت نیە بە ئیسلام. بەم واتایە، عەلمانییەت پشتیوانی دیموکراسییەتە کە جەوهەرەکەی فرە ئاینی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیە بە هەموو شێوازەکانیەوە. دیموکراسی، واتا دەوڵەتی یاساو دامودەزگا، عەلمانییەتیش بانگگەشەی دامەزراندنی دەوڵەت دەکات کە لەسەر بنەمای یاساو دامودەزگا، کە تیایدا تاک وەک هاووڵاتییەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و مافی هاووڵاتیبوونی هەبێت و ئەرکەکانی بەجێبگەیەنێت، دامودەزگاو یاساش مافی هاووڵاتیبوون بپارێزێت. لەبەر ئەوە، گەر هاووڵاتی کەمتەرخەم بوو و رەفتاری خراپی کرد، ئەوا دەوڵەتی دامودەزگاو یاسا سزای دەدات، بەدەر لە ئاین و مەزهەبەکەی. جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی سیاسی و ئاینییش، ئازادی و سەربەخۆیی بەهەموو پیاوان و شوێنکەوتووانی ئاین و مەزهەبەکان دەبەخشێت لە رووی بیروباوەڕەو مومارەسەکردنی دروشمەکانیان. بەڵام ئەوەی بەسەر هەمووادا جێبەجێدەکرێت، بەچاوپۆشین لەهەموو ئاین و مەزهەبو تایفەو نەژادو بنەماڵە.یاسایە. بەراستی دەوڵەت لێرەدا دەوڵەتی ئەو هاووڵاتییەیە کە ئینتیمای بۆی هەیە. سەرهەڵدانی عەلمانییەت لە وڵاتانی خۆرئاوادا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەردەمی بوژانەوە (نهچە) و سەرەتای رزگاربوونی کۆمەڵگاکان لە ستەم و دەسەڵاتی کڵێساکان. کڵێساکان بەدرێژایی سەردەمەکانی ناوەراست، هاوپەیمانێکی سەرەکی سیستمە پادشایی رەهاو زۆردارەکان بوون، کە لەژێر باڵی دەزگا ئاینییەکاندا هێزو توانای خۆیان بەسەر خەڵکیدا دەسەپاند. لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی بوژانەوەش، ژیان و زانست لە کۆمەڵگەکانی خۆرئاوادا گەشەیان کرد و سەردەمی داهێنانە زانستی و دۆزینەوەکان و ئاپۆرەی شۆڕشی پیشەسازی و وەلانانی پلەپلەیی سەردەمی دەرەبەگایەتی دەستیپێکرد. ئەمەش پێویستی بە ئاستی ئازادی کۆمەڵگەکان بوو، بۆ ئەوەی دەرفەت بە زانایان و رووناکبیران و یاساناسان و سیاسەتمەداران بدات کە لەکەش و هەوایەکی فراواندا پێکهاتەو تێروانین و پێداویستی و یاسای کۆمەڵگاکانی سەردەمی بوژانەوەی نوێ دابرێژن. لەسەر ئاستی ئابوریشدا، سەرمایەداریی گەڵاڵە بوو، کە سەردەمێکی ئابوری نوێی هێنایە کایەوە بۆ ئەوەی رۆژ بە رۆژ کۆمەڵگاکان بەرەو گەشەکردنێکی سەرمایەداریی زیاتر بەرێت. دەستوەردانی دەزگای ئاینی (کڵێسا) لە کاروباری بەرێوەبردنی کۆمەڵگاکان، دژی ئەو ئاسۆ نوێیە وەستایەوە کە لەئەنجامی ئەو گەشەکردنەدا بۆ یەکەمین جار هاتە کایەوە. دەستوەردانی کڵێسا بووە کۆسپێک لەبەردەم گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگای نوێدا، بۆیە هێزی کۆمەڵگا خەباتێکی دوورودرێژیان کرد لە پێناو جیاکردنەوەی رۆڵی کڵێسا لە دەزگای فەرمانرەوایەتیدا. ئابەم چەشنە بوژانەوەی کۆمەڵگەی خۆرئاوا بە ئاسانی گەشەی نەکرد و بە ئاسانی نەگەیشتە ئەو پێشکەوتنە ئابوری و زانستی و پیشەسازی و تەکنیکی و شارستانییەدا کە ئەمرۆ تیایدایە، تا لە دەسەڵاتی رەهای دەزگای ئاینی رزگار نەبووو بواری سیاسی تایبەت بە سیاسەتمەداران کردو هەروەها بواری ئاینیشی تایبەت بە پیاوانی ئاینی کردو رێگەی لە هەردوولا گرت دەستوەربدەنە کاروباری یەکدییەوە. لەسەر ئاستی ناوچەی عەرەبی خۆیشماندا، لەگەڵ دەستپێکردنی داگیرکارییەکەی فەرەنسا بۆ ناوچەی عەرەبی لە کۆتایی سەدەی (١٨)دا، وشەی عەلمانییەت کەوتە ئاراوەو لەسەرووی فاکتەری گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رووناکبیرییەکانەوە بوو کە لەناوچەکەدا روویاندا. دەرەنجام چەند دەنگێک سەریانهەڵدا کاتێک بینییان ئەو گەشەکردن و مەدەنییەت و ئیداری و سیاسییەی داگیرکەر لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، فاکتەرێکن هەرەشە لە ئاین و پلەوپایەو کاریگەریی ئاین لەسەر کۆمەڵگە دەکەن، بۆیە لەدژی وەستان و هێرشیان کردەسەر، لەکاتێکدا هەندێ کەس و لایەنی دیکە بەهاو بیرو رێبازی ژیانی نوێیان لێ بەدی دەکرد کە دەستی کۆمەڵگاکانمان دەگرێت و بەرەو پێشکەوتن و شارستانییەتیان دەبات و رێگەی ئایندەیان پیشان دەدات. بەهۆی تازەیی ئەو چەمکەو گەیشتنی پێشوەختی بۆ ناوچەکە لە ئاکامی داگیرکردنیدا، خەڵکی ناوچەکە بەرەنگاری بوونەوەو دژایەتییان کرد، کە ئەمەش وایکرد ئەو چەمکە بشێوێنرێت و دەرفەت نەدات گفتۆگۆکردنی ئازادانەی لەبارەوە بکرێت. جگە لەمانەش، یەکەمین ئەو کەسانەی مژدەی عەلمانییەتیان لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی بڵاوکردەوە، بەزۆری کەسانێکی ئاین مەسیحی بوون، کە ئەمەش رۆڵێکی دیاری هەبوو لە تێگەیشتنی هەڵەی چەمکی عەلمانییەت و فراوانبوونی بەناو غیرەتی ئیسلام بۆ داکۆکیکردن لە ئاین، کە هەموو هەوڵەکانی خستەگەڕ لەپێناو ئەوەی عەلمانییەت لە ژیانداو شێوازی بەرێوەبردنی بەشێوەیەک پیشانبدات کە ئاراستەیەکی دژ بەئیسلامەو هەوڵی دژایەتیکردنی دەدات. لەبەر ئەوە هێرشکردنە سەر چەمکی عەلمانییەت بەشێوەیەک فراوانبوو کە هەندێ کەس بە هاوتای کوفرو ئیلحاد یەکسانیان کرد. بیرتەسک و کەم عەقڵەکانیش ئەم تێگەیشتنە هەڵەو شێوێنراوەیان قۆستەوەو عەلمانییەتیان بەهاوتای کوفرو فیسق و هەڵوەشاندنەوەو بیری خۆرئاوا وەسفکرد، بێ ئەوەی بیربکەنەوەو کۆشش بکەن لە گەران بەدوای واتاکەیداو بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان هەبێت کە بۆچوون و قسەکانیان بسەلمێنێت. ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی گەورە شێوێنرا، تەنانەت لەناوچەی عەرەبیدا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ترس دادەگرێت کاتێ لەسەر عەلمانییەت و داکۆکیکردن لەو زاراوەیە دەدوێت. ئەم زاراوەیە لەریزبەندی زاراوە نیمچە حەرامکراوەکاندا دێت، کە خاوەنەکەی تەنانەت ئەکەسەی دەیەوێت گفتوگۆی لەبارەوە بکات بەکوفرو ئیلحاد ناودەبرێت، وەک مارکسییەت و بوونگەرایی و مادی و شیوعی و.....هتد، لەئەنجامیشدا ئەو هێرشە توندەی دەکرێتەسەر عەلمانییەت لەناوچەی عەرەبیدا دەرفەتی تەواوی نەداوە تا گفتوگۆیەکی عەقڵانی و لێکۆڵینەوەیەکی جدی لەبارەوە بکرێت، کە ئامانجی زانینی واتای ئەو چەمکەو تێرامان بێت لەسەر جەوهەری چەمکەکەدا، هەروەک هێرشێکە کە دژی بەها پیرۆزو بەرزەکانی ئاینە وەک دادو یەکسانی و رێزگرتنی بەرامبەرو برایەتی و لێبوردەیی و وەلانانی دەمارگیری. ئەم بەهاو پرەنسیپانەش عەلمانییەت جەختیان لەسەر دەکاتەوە بەتایبەت کاتێک بانگگەشەی جیاکردنەوەی دەزگای ئاینی لە دەزگای سیاسیدا دەکات. کاتێکیش عەلمانییەت بانگگەشە بۆ ئەم جیاکردنەوەیە دەکات، ئەوا بەهیچ جۆرێک ئاین هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکو ئاین بەرز رادەگرێت و لە قۆستنەوەو بازرگانی پێوەکردنی لەسیاسەت و بەرژەوەندییەکانی سیاسەت دەیپارێزێت. لەم چوارچێوەیەدا، عەلمانییەت وای دەبینێت کە تێهەڵچوونی کەسایەتی ئاینی و کەسایەتی سیاسی، تایفەگەری لەکۆمەڵگەدا زیاد دەکات و خەڵکی بەرەو جیاوازی دەبات و پەیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتییان خراپ دەکات و دەیشێوێنێت و زیان لە هەردوولا دەدات. بەڵام جیاکردنەوەی ئەو دوو دەزگایە، لەلایەک ئاین وەک ئەوەی پەیوەندییەکی تایبەتی نێوان مرۆڤ و خودایەو پلەوپایەو رێزو هەیبەتی دەزگای ئاینی دەپارێزێت، ئەوکات ئاین لە گۆمەقوڕی سیاسەت و پیسی و تەنازولات و گۆڕانی یاساو رێساکان کەبەپێی گۆڕانی بەرژەوەندییەکان و باروودۆخی کەسەکان دەگۆڕێت، پارێزراو دەبێت. لەلایەکی دیکەوە، جیاکردنەوەی ئەو دوو دەزگایە دەرفەت فراوان دەکات بۆ ریشەداکوتانی بیرۆکەی گەشەکردن و تازەگەریی و بەدەستهێنانی زانست بۆ گەیشتن بە کاروانی شارستانییەت و پێشکەوتنی جیهانیی، هەروەک جیاکردنەوەی ئاین لە دەسەڵات بەشدار دەبێت لە رەخساندنی رۆڵی دامودەزگاکان و جێگای یاسا لە هەموو بوارەکانی ژیان و شێوازی هەڵسوکەوت و چالاکی و کردارەکانی مرۆڤ پتەوتردەکات، ئەمەش لە وێستگەی کۆتاییدا باشترین و چاکترین گەرەنتییە بۆ چەسپاندنی پرەنسیپەکانی دادو یەکسانی لە رێگەی نەهێشتنی ستەم و بەدەستهێنانی مافەکان. ■

سەرچاوە: رۆژنامەی (الوسط)

تەوەری چاودێر.. پاشماوە

ژنی ناسی) (خولقاندن: ١:٤)، کە ئەم ناسینە لەدەقە عیبریەکەدا وبەپێی رەوانبێژیی عیبری بەواتای پەیوەندیی سێکسییە. جگە لەوەی رەگەزی (مار) لەچیرۆکەکەدا، هەرچەند لەدەقە قورئانیەکەدا ونە، لەبنەڕەتدا هەر هێمایەکی سێکسییە، بەتایبەتی لەدیمەنێکدا کە مارێک لەدرەختێک ئاڵاوە، ئەمە هێمایەکی ریشەدارە بۆ ژیان وهەرچی درێژەپێدەری ژیانە وەکو سێکس وپزیشکی. کەواتە ئەم چیرۆکە لەکرۆکدا چیرۆکی دروستبونی خێزان / کۆمەڵگەی مرۆڤ وهاتنەکایەی تاکی مرۆڤ وهاتنیەتی بۆژیان، ئەم چیرۆکە چیرۆکی هەر یەکێکە لەئێمە، چیرۆکێکە کە هەمو رۆژێک ولەگەڵ هاتنەژیانی هەر مرۆڤێک ودروستبونی هەر خێزانێکدا دوبارە دەبێتەوە، بەڵام لەژن وپیاوێکی بەرجەستەدا گوزارشی لێکراوە. بەم شێوەیە هێما ورەگەزەکانی ئەم چیرۆکە هەموی واتای پۆزەتیڤ «إیجابی» یان هەیە: ئەو میوەیە هێمای ژیان / سێکسە، بیرۆکەی قەدەغەکردنیشی تەنها میکانیزمێکی چیرۆکخوانیە وتەنها بۆ دروستکردنی وەرچەرخانێکە لەروداوەکانی چیرۆکەکەدا، دەستپێشخەربونی ژنیش واتایەکی پۆزەتیڤ وهێمایە بۆ رۆڵی سەرەکیی ژن لەژیان ولەدەستەمۆکردنی پیاودا. بەڵام ئەوەندە هەیە لەئایینە یەکتاپەرستی وپێشکەوتوەکاندا کە ئاکار وسروشتێکی رەوشتی (مۆراڵی) ی رونیان هەیە، هەمو واتایەک سێبەرێکی رەوشتیی تۆخ پەیدادەکات، قەدەغەکردنی میوەی درەختێک کە ئەگەر لێی نەخورێت ژیانیش نابێت دەبێتە قەدەغەکردنی گوناهێک کە رەهەندی رەوشتی ودەرونی پەیدادەکات ودەبێتە سەرپێچی ولادان لەرێساویاسا، دەستپێشخەریی ژن کە واتایەکی پۆزەتیڤ وپڕ لەژیان وزیندوێتی وبزاڤە دەبێتە فریودان وخەڵەتاندن ومایەی تێکەوتن وروخان. ئەم واتا نێگەتیڤە لەئەفسانەکەدا دو ریشە وپاساوی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە خواردنی ئەو میوەیە کە یەکسانە بەهاتن بۆ ئەم ژیانە سەختەی لەواقیعدا هەیە بەبەراورد بەژیانی بێئەرک وخۆشگوزەرانی ناو بەهەشتەکە، وەکو هەڵەیەک وایە، دوەمیشیان ئەوەیە کە چیرۆکەکە کاتێک چوەتە نێو دەقی پیرۆزی ئایینێکی باوکسالاریی وەکو ئایینی یەهودیەوە، چەمکەکان شێوەیەکیتریان وەرگرتوە ودەستپێشخەریی ژن وەکو ئامرازێکی ئەهریمەن لێکدراوەتەوە وخواردنی میوەکە بوەتە گوناهێکی رەوشتی کە هەر یەکە لەئادەم وحەووا لەژیانی واقیعیدا باجەکەی دەدەن.. تا رادەیەک ئەم سروشتە نێگەتیڤە لەچیرۆکە قورئانیەکەشدا رەنگیداوەتەوە (واتە لەقورئانیشدا بابەتەکە بەگوناه وتاوان وسەرپێچی ناوبراوە)، هەرچەند زۆر کەمترە لەدەقە تەوراتیەکە ولەدارشتنەوە یەهودی-مەسیحیەکانی چیرۆکەکە لەدواتردا کە پەشیمانی ودڵتەنگیی کوشندەی ئادەم وحەووا وێنەدەکەن.

لە چیرۆکە قورئانیەکەدا ئاماژەیەکی جوانیش هەیە بۆ گەورەیی مرۆڤ کە توانای قسەکردن و(ناونان) ی شتەکانی هەیە، بۆیە لەفریشتەکان زیاترە. ئەم ئاماژەیەش کە لەتەوراتدا نیە، پێش قورئان لەتەلمودا (تەلمودی بابلی، سەنهێدرین، لا. ٣٨) ودواتریش لەمیدراشدا (میدراش رەببا، بێرێشیت رەببا: ١٩، بێمیدبار رەببا: ٨، ١٧) هاتوە، کە لەم دەقانەشدا باس لەوە دەکرێت کە ئادەم توانیویەتی گیانداران ناوبنێت بۆیە لەفریشتەکان گەورەترە، بۆیە بەپێی تەلمود فریشتەکان لەسەریان بوە رێزێکی زۆر لەئادەم بگرن، ئەمەش ریشەی چیرۆکە قورئانیەکەیە کە دەڵێت فریشتەکان کڕنوشیان بۆ ئادەم بردوە، کە ئەم رەگەزە لەچیرۆکە تەوراتیەکەدا نیە ویەکێکیشە لەکێشەکانی بیری ئایینیی ئیسلامی: چۆن خوا فەرماندەکات بەکڕنوش بۆ کەسیتر جگە لەخۆی؟! لە(پەیمانی نوێ) یشدا بیرۆکەیەکی لەو جۆرە دەربارەی مەسیح هاتوە: لە(نامەی پۆڵس بۆ عیبرانیەکان: ١:٦) دا باس لەکڕنوشی هەمو فریشتەکان دەکات بۆ مەسیح. ئەم دەقەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (٥٠-٩٥ز). لەقورئانیشدا بەراوردێک هەیە لەنێوان ئادەم ومەسیحدا (ال عمران: ٥٩). رەگەزێکیتری چیرۆکە قورئانیەکە ئەوەیە کە (ئیبلیس) ئامادەنەبوە کڕنوش بۆ ئادەم بەرێت، ئەمەش لەتەوراتدا نەهاتوە، بەڵکو لەمیدراشدا (بێرێشیت رەببا: ٨) لەدوای تەوراتەوە گەشەیکردوە.

قابیل وهابیل
واتا ورەهەندە مێژویی و کولتوریەکانی چیرۆکی (قابیل و هابیل) چین؟

سەروەر پێنجوێنی: چیرۆکی (دو کوڕەکەی ئادەم) بەگوزارشی قورئان، کە لەدەقە ئیسلامیەکانیتردا ناو دەنرێن (قابیل وهابیل)، دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی (قایین وهابێل) ی تەوراتی (خولقاندن: ٤:١-١٦). بێ گومان چیرۆکە قورئانیەکە وچیرۆکە تەوراتیەکە لەشێواز ومەبەستدا جیاوازن ودەقە قورئانیەکە ئەو چیرۆکەی بەشێوەیەک سادەکردوەتەوە کە مەبەستە بنەڕەتیەکەی تێدا نەماوە وتەنها بوەتە چیرۆکی کێشە وبەشەڕهاتنی دو کوڕی ئادەم ورودانی تاوانی کوشتن وئەو پەشیمانیە توندەی کە بکوژەکەیان توشیدێت دوای کوشتنی براکەی، بەم شێوەیە چیرۆکەکە دەبێتە وانەیەک لەسەر سایکۆلۆجیای بکوژ وتاوانی کوشتن وەکو مامەڵەیەکی توندوتیژی نێوان مرۆڤەکان. لەکاتێکدا چیرۆکەکە لەبنەڕەتدا ئەفسانەیەکی رەسەن وواتادارە ولەکێشمەکێشی نێوان دو جۆر ژیان وژیواری مرۆڤ دەدوێت ئەوانیش (شوانکارەیی) و(کشتیاری)ـن. بەم شێوەیە هێماکانی چیرۆکەکە شیکاردەکەین وئەو ئەنجامە دەسەلمێنین: لەچیرۆکە تەوراتی-قورئانیەکەدا، یەکەم دیمەن ئەوەیە کە هەر یەکە لەقابیل وهابیل (قوربانی) پێشکەشدەکەن، قوربانییش هەمیشە نیشاندەری بەرهەمی ئابوریی ئەو مرۆڤ وکۆمەڵگایەیە کە قوربانیەکە پێشکەشدەکات، قابیل گوڵەگەنم پێشکەشدەکات، هابیلیش مەڕ دەکات بەقوربانی، ئەمەش واتە قابیل شوانکارەیە، هابیلیش کشتیارە، واتە ئەویان مرۆڤی قۆناغی شوانکارەییە (شوانکارەیی جیاوازە لەئاژەڵ بەخێوکردنی گوندی کشت وکاڵی، وکە دەڵێین قۆناغ مەرج نیە مەبەست قۆناغی مێژویی بێت)، ئەمیشیان مرۆڤی قۆناغی کشتیاریە، کێشمەکێشی نێوانیشیان هێمایەکە بۆ جیاوازی وپێکەوەنەگونجانی ئەو دو قۆناغە کە دو قۆناغی جیاوازی شێوازی بەرهەمهێنان وشێوازی ژیانیشن. ئاشکرایە کە ئەو دو جۆرە ژیانە دژ وپێچەوانەی یەکترن: ژیانی شوانکارەیی ژیانی گەرۆکی وکۆچەریە بەدوای لەوەڕگادا، ژیانی کشتیارییش ژیانی نیشتەجێبونی گوندی کشت وکاڵیە، شوانکارە بەمەڕوماڵاتەکەی زیان بەکێڵگەی کشت وکاڵی وئاودێریەکانی دەگەیەنێت، کشتیاریش بەکێڵگەکانی ئاو ولەوەڕگا لەشوانکارە تەسک دەکاتەوە. ئینجا لەچیرۆکەکەدا دەبینین قابیلی شوانکارە هابیلی کشتیار لەناودەبات، ئەمەش هێمایەکە بۆ تەسک بونەوەی بواری شوانکارەیی وپەرەگرتنی زیاتری کشتیاری وکشت وکاڵ.

بێ گومان چیرۆکە قورئانیەکە دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکە تەوراتیەکە ودارشتنەوەکانی دواتری، چیرۆکە تەوراتیەکەش لەکولتوری عێراقی (شومەری وبابیلی) ی کۆنەوە هاتوە: ئەفسانەیەکی شومەری دەربارەی (ئیمیش وئەنتین)، دەڵێت خواوەند ئێنلیل ویستویەتی زەوی بەشینایی وباخ ودرەخت برازێنێتەوە وئاژەڵیش پەروەردەبکرێت وبەروبومی زۆربێت، بۆ ئەم مەبەستەش (ئیمیش) ی شوان و(ئەنتین) ی کشتیاری دروستکرد، بەڵام لەدواییدا ئەم دوانە کەوتنە مشت ومڕ لەسەر ئەوەی کامیان شیاوتر وگرنگترە، بۆیە دەچنە لای ئێنلیل وئەویش ئەنتینی کشتیار پەسەند دەکات. ئەفسانەیەکی شومەرییتر دەربارەی (لەهار وئەشنان)، دەڵێت خواوەندەکان ئەو دوانەیان خولقاند بۆ زۆرکردنی خۆراک وپۆشاک، کە (لەهار) فرمانی ئاژەڵداریی هەبو، (ئەشنان) یش کشت وکاڵ ودانەوێڵەچاندن، ئەم جارەش ئەم دوانە دەبێتە مشت ومڕیان وهەردو خواوەند ئێنلیل وئێنکی کشتیارەکەیان، واتە ئەشنان، هەڵدەبژێرن. ئەفسانەیەکی شومەرییتریش هەیە کە لەکێشمەکێشی نێوان (دوموزی) (= تەمموز-ی ئەککادی) ی شوانکارە و(ئەنکیمدۆ) ی کشتیار لەسەر راکێشانی دڵی خواوەندی مێی بەپیتی وجوانی (ئینانا) (= عیشتار-ی سامیەکان)، دوای چەند بەیت وباڵۆرەیەک وهەرچەند سەرەتا ئەنکیمدۆی کشتیار هەڵدەبژێرێت بەڵام لەکۆتاییدا دوموزیی شوانکارە پەسەنددەکات، ئەمەش رەنگە ئاماژەیەک بێت بۆ ئەوەی کاری شوانکارەیی وئاژەڵ بەخێوکردن زیاتر پەیوەندیی بە(بەپیتی) ی سروشتەوە هەیە کە فرمانی خواوەند ئینانانایە (بەپیتیی ئاژەڵ نمونەیەکی گرنگی بەپیتیی سروشتە لەکۆمەڵگاکانی رابردودا)، خواوەند (دوموزی) یش بەهەمان شێوە پەیوەستە بەبەپیتیی سروشتەوە ولەچەند چیرۆکێکی شومەرییتریشدا (وەکو چیرۆکی دابەزینی ئینانا بۆ جیهانی ژێرزەوی) پەیوەستبونی بەئینانا وە دەردەکەوێت، بەڵام بەپێی ئەم ئەفسانەی دواییان ئەو پەسەندکردنەی دوموزیی شوان تەنها سەرەتایەک بو بۆ تێداچونی ومردنی وکرا بەقوربانی بۆ بەردەوامبونی خولی سروشت ووەرزی کشت وکاڵ. ئەمەش واتە میتۆلۆجیای عێراقیی دێرین هەمیشە کشت وکاڵی پەسەندکردوە، چونکە هەمو شتێک لەعێراقی دێریندا هاندەری کشت وکاڵ بو، بەرووبار وئاودێریەوە، بەشێوازی ژیان وژینگەوە. لەئەفسانە تەوراتیەکەدا سەرەتا (هابیل) ی شوانکارە پەسەنددەکرێت وقوربانیەکەی وەردەگیرێت (ئەمەش رەنگدانەوەی کولتوری بیابانشینی وشوانکارەیی ئەو کۆمەڵە مرۆییەیە کە بیری تەوراتییان بەرهەمهێناوە)، بەڵام دواتر (قایین) ی کشتیار هابیلی شوانکارە لەناودەبات، هەروەکو سەرەنجامەکەی دوموزی. سەبارەت بەچیرۆکە قورئانیەکەش، تەنها ئەوەندە رونیدەکاتەوە کە قوربانیی یەکێکیان وەرگیراوە ولەویتر وەنەگیراوە، ئیتر جۆری قوربانیەکەش رون ناکاتەوە کە بۆ واتای چیرۆکەکە زۆر گرنگە، وەکو وتم چیرۆکە قورئانیەکە بوەتە وانەیەک لەسەر تاوانی کوشتن.

رەگەزێکیتری چیرۆکە قورئانیەکە ئەو دیمەنەیە کە قابیل نەیزانیوە جەستەی براکەی دابپۆشێت وقەلەڕەشێک فێریکردوە، ئەم دیمەنە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک دەقی یەهودیی لاوەکی، بەتایبەتی (فیرقای رابی ئێلیعەزەر: ٢١) کە میدراشێکی هەگگادیە ودەڵێت قەلەڕەشێک ئادەمی فێر کرد جەستەی هابیل ئەسپەردەبکات. بیرۆکەیەکیتر کە لەدەقە قورئانیەکەدا هاتوە ئەوەیە کە قورئان وەکو پەراوێزێک لەسەر ئەم چیرۆکە دەیخاتەڕو: (لەبەر ئەوە لەسەر بەنو ئیسرائیلمان نوسیوە کە هەر کەسێک کەسێک بکوژێت بەبێ ئەوەی لەتۆڵەی خوێنی کەسێکدا بێت یان لەسەر خراپەکارییەک بێت لەزەویدا، وەکو ئەوە وایە هەمو مرۆڤەکانی کوشتبێت، هەر کەسێکیش کەسێک زیندو بکاتەوە [ژیانی رزگار بکات، یان بیهێڵێتەوە ونەیکوژێت] وەکو ئەوە وایە هەمو مرۆڤەکانی زیندو کردبێتەوە..) (المائدة: ٣٢)، ئەم پەراوێزە دەگەڕێتەوە بۆ پەراوێزێکی هاوشێوەی برگەیەکی میشنا (دەقی بنچینەیی تەلمود) کە لەسەر تاوانی (کوشتن) دەروات ودەڵێت لەدەقە تەوراتیەکەدا دەڵێت (خوێنەکانی هابیل) لەبریی (خوێنی هابیل) ئەمەش مانای وایە خوێنی هابیل وهەمو نەوەکانی ئەگەر بژیایە دەکەوێتە سەرشانی بکوژەکەی، بۆیە نوسەری میشنا دەڵێت بۆیە دروستکردنی ئادەم (یاخود مرۆڤ) بۆ فێرکردنی ئەو راستیەیە کە هەر کەسێک کەسێک لەناوببات ئەوا بەپێی تەورات وەکو ئەوە وایە هەمو جیهانی لەناوبردبێت، هەر کەسێکیش کەسێک بهێڵێتەوە ورزگاربکات وەکو ئەوە وایە هەمو جیهانی رزگارکردبێت (تەلمودی بابلی، سەنهێدرین، میشنا: ٣:٤، لا. ٣٧أ)، ئەمەش هەمان دەقە قورئانیەکەیە. ■

قەوەری "چاودێر" لەسەر بەهای مێژوویی چیرۆکە قورئانیەکان

سەرەتایەک بۆ "ڕەخنەسازیی مێژوویی" و "ڕەخنەسازیی سەرچاوەکان"ی دەقی قورئانی

ئا/ چاودێر

ئەلقەی دووەمو کۆتایی

لەتەوەری (بەهای مێژوویی چیرۆکە قورئانیەکان)دا جگە لەبەڕێزان (فازل قەرەداغی و سەروەر عەبدولڕەحمان) بەڕێز (نەشئەت غەفور) یش بەشداری تێداکردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی وەڵامەکەی زیاتر شێوەی (ئامۆژگاریی) بووەو هەروەها لەسەر داوای خۆی دامان نەبەزاند..

سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

بەشی سێیەمو کۆتایی

چیرۆکی تۆفانی نوح، وەکو تۆفانێکی سەرتاپاگیر کە لە قورئاندا باس کراوە، ئێستە بە (مێژوەفسانە «تاریخسطورە») دادەنرێت، ئایا تا چ ڕادەیەک ئەم چیرۆکە مێژوییە و تا چ ڕادەیەک کولتوریە؟

سەروەر پێنجوێنی: چیرۆکی (نظوئح) و تۆفان لە قورئاندا لە چەند شوێنێکدا باس کراوە، ئەوانەش: (الْعراف: ٥٩-٦٤)، (یونس: ٧١-٧٣)، (هود: ٢٥-٤٨)، (الانبیاء: ٧٦، ٧٧)، (المؤمنون: ٢٣-٣٠)، (الشعراء: ١٠٥-١٢٠)، (القمر: ٩-١٥)، (نوح: ١-٢٨)، جگە لە چەندین ئاماژەی تر. چیرۆکە قورئانیەکە دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکە تەوراتیەکەی (نوح) کئف و تۆفان (خولقاندن: ٩:٦-١٧:٩) و داڕشتنەوە یەهودیەکانی دواتر: بە تایبەتی تەلمود (تەلمودی بابلی، سەنهێدرین: لا. ١٠٨. ڕۆش هەشاناه، لا. ١٦٢) و میدراش (بێرێشیت ربا. میدراش تەنحوما).

ئەم چیرۆکە هەرچەند وەکو مێژونوسانی کولتور دەڵێن لە زۆربەی کولتور و ئایینەکانی جیهاندا هەیە، بەڵام بەو شێوەیەی لە تەوڕات و قورئاندا هەیە بە تەواوی پەیوەستە بە مێژو و میتۆلۆجیای عێراقیی دێرین (شومەری و بابیلی) ەوە، چونکە چیرۆکە تەوراتیەکە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی تۆفانی بابیلی (داستانی گیلگامێش) و ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی تۆفانی ئەککادی، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی تۆفانی شومەری، بەم شێوەیە:

ئەفسانە شومەریەکە: بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری (٢٦٠٠ پ. ز.)، لە ڕوتەختێکدا ساڵی (١٩١٤) لە وێرانەکانی (نیپور) دا دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٧ پ. ز.)، و دەناسرێت بە چیرۆکی (زیوسودرا) و هەروەها بە (خەلقنامەی ئێریدو) Eridu Genesis چونکە بە باسی خولقاندنی مرۆڤ و گیانداران و دامەزرانی شارەکان دەست پێ دەکات، دەڵێت خواوەندەکان بە سەرۆکایەتی خواوەند (ئێنلیل) بڕیاریان دا تۆفانێک بەرپا بکەن بۆ لەناوبردنی مرۆڤایەتی، چونکە مرۆڤەکان بەپێی مەبەستی خواوەندەکان هەڵسوکەوتیان نەکرد، ئیتر خواوەند (ئێنکی) کە دۆستی مرۆڤە، زیوسودرا Ziusudra (دەقاودەق: ژیانی دوورودرێژی بینیەوە) ی لەو مەبەستەی خواوەندەکان لە ڕێگەی خەونێک یاخود سروش (وحی) ێکەوە ئاگادار کردەوە، کە زیوسودرا پاشای لەخواترسی شاری (شوروپاک) Shuruppak بو، رایدەسپێرێت کەشتیەک دروست بکات بۆ هەڵگرتنی کۆمەڵێک مرۆڤ و ژمارەیەک لە گیانداران، پاشان باوبۆران دەست پێ دەکات و تۆفانەکە دێت و سێڵاوی باران روی زەوی دەگرێتەوە و حەوت ڕۆژ بەردەوام دەبێت، دوای نیشتنەوەی تۆفان زیوسودرا دەرچەیەک لە کەشتیەکەدا دروست دەکات ئیتر تیشکی خۆر (خواوەند ئوتو) دێتەناو کەشتیەکەوە و بەم شێوەیە زیوسودرا دەزانێت کە تۆفانەکە کشاوەتەوە. ئینجا زیوسودرا قوربانی بۆ خواوەند ئانو و ئێنلیل دەکات، و ژیانێکی هەتاهەتایی لە بەهەشتی (دیلمون) پێ دەبەخشرێت (ناوەکەیشی لەم سەرەنجامەوە هاتوە) و نازناوی (هەڵگری تۆوی ژیان) ی پێ دەدرێت. ئەفسانە ئەککادیەکە: مێژوی نوسینی ئەوەی ماوەتەوە لە (١٧٠٠ پ. ز.) تێپەڕ ناکات، یان دەوروبەری ساڵی (١٦٤٠ پ. ز.) بەتایبەتی (سەردەمی ئاممی سادوقی Ammi-Saduqa(١٦٤٦-١٦٢٦ پ. ز.) ی کوڕەزای حامورابی)، لە چەند ڕوتەختێکدا کە ساڵی (١٩٥٦) دۆزرانەوە، و دەناسرێت بە چیرۆکی (ئەتراحاسیس). ڕوتەختی یەکەمی ئەفسانەکە لە دروستکردنی بونەوەر دەدوێت، لە ڕوتەختی دوەمدا دەڵێت مرۆڤەکان زۆر بون و دەنگەدەنگیان خواوەند ئێنلیلی هەراسان کردبو، بۆیە برسێتی و قاتوقڕی و کارەساتی تری هێنا بەسەر مرۆڤایەتیدا، بەڵام ئەمانە چارەسەری تەواو نەبون و لە کۆتاییدا بڕیاری دا بە تۆفانێک مرۆڤایەتی لەناو ببات. ڕوتەختی سێیەم چیرۆکە نمونەییەکەیە و دەڵێت خواوەند ئێنکی لە ڕێگەی خەونێکەوە (ئەتراحاسیس) Atra-Hasis(دەقاودەق: زۆر دانا) ی ئاگادار کردەوە و فەمانی پێ دا ماڵەکەی خۆی بپێچێتەوە و کەشتیەک دروست بکات، ئەو کەشتیەش دەبێت سەقفی هەبێت و قاتی سەرەوە و خوارەوەی هەبێت و بە قیر ڕوپۆش بکرێت. ئەتراحاسیس خۆی و خێزانەکەی و خزمەکانی و پیشەوەرەکان، هەروەها ئاژەڵەکانی و گیانەوەری گۆشتخۆر و هەندێکی گیاخۆر، سواری کەشتیەکە بون و دەرگاکەی قەپات کرد. پاشان تۆفان و باوبۆران دەستی پێ کرد و ـ دەقەکە دەڵێت ـ جەستەی مرۆڤەکان وەکو پوشکەبەقنگە روباریان پڕ کرد، بەم شێوەیەش چیرۆکەکە ئەو تۆفانە وەکو لافاوێکی ناوچەیی زادەی هەستانی روبار پێشان دەدات، هەر بۆیەش دەڵێت ئەتراحاسیس پەتی کەشتیەکەی پچڕاند بۆ ئەوەی بۆ خۆی بەسەر ئاوەوە بڕوات، کە ئەمەش هەر لەگەڵ لافاوی روباردا دەگونجێت. تۆفانەکە دوای حەوت ڕۆژ کۆتایی پێ هات و ئەتراحاسیس قوربانیی بۆ خواوەندەکان کرد.

ئەفسانە بابیلیەکە: بریتیە لە ڕوتەختی (١١) لە داستانی گیلگامێش کە ڕوتەختەکانی دەگەڕێنەوە بۆ دەوروبەری (١١٠٠ پ. ز.) و ساڵی (١٨٧٢) دۆزرانەوە، و ناسراوە بە چیرۆکی (ئوتنەپشتیم)، و دەڵێت ئێنلیل بڕیاری دا تۆفانێکی گەورە بەرپا بکات بۆ نقومکردنی هەمو زیندەوەرێکی سەر زەوی، بەڵام خواوەند ئیا (واتە ئێنکی) بەنهێنی پاشای دانای شاری (شوروپاک) ی بەناوی (ئوتنەپشتیم) Utnapishtim (دەقاودەق: ژیانی بینیەوە) ئاگادار کردەوە، و ئاماژەی دا کەشتیەکی گەورە دروست بکات و لەو ڕێگەیەوە خۆی و خێزانەکەی و خزمەکانی و پیشەوەرەکان و هەمو جۆرە گیاندارێکی ماڵی و کێوی رزگار بکات، دەقەکە دەڵێت بۆ هەڵگرتنی تۆوی هەمو زیندەوەرێک، ئینجا ئەو کەشتیە دەبێت لە پانی و درێژیدا یەکسان بێت و سەری داپۆشرابێت و لە حەوت قات پێک دێت. دەرچەکانی ئاوی ئاسمان و ئاوی ژێرزەوی کرانەوە و باوبۆران حەوت ڕۆژ بەردەوام بو، دوای ئەوەی ئاوی تۆفانەکە نیشتەوە کەشتیەکە لەسەر چیای (نیصیر) وەستایەوە. دوای حەوت ڕۆژ لە نیشتەوە ئوتنەپشتیم کۆترێکی بەڕەڵلا کرد بۆ دەرەوە کە شوێنی وشکی دەست نەکەوت و گەڕایەوە، پاشان پەڕەسێلکەیەکی نارد کە ئەویش گەڕایەوە، ئینجا قەلەڕەشێکی نارد کە نەگەڕایەوە و ئەمەش واتە ئاوی تۆفان بە تەواوی کشاوەتەوە. ئینجا ئوتنەپشتیم قوربانیی کرد بۆ خواوەندەکان، و ئیتر خۆی و ژنەکەی نەمرییان پێ بەخشرا (ناوەکەیشی لەم ئاکامەوە هاتوە) و بۆیە بەهەتاهەتایی لە (زاری روبارەکان) دا دەژین.

لەنێو ئەم سێ ئەفسانەیەدا ئەفسانە شومەریەکە ڕەسەنترە، ئەفسانە ئەککادیەکەش لە ئەفسانە شومەریەکەوە وەرگیراوە و ئەفسانە بابیلیەکەی نێوداستانی گیلگامێشیش داڕشتنەوەی ڕاستەوخۆی ئەفسانە ئەککادیەکەیە، بەڵام ئەوەندە هەیە تەنها ئەفسانە بابیلیەکە بەتەواوی و بێ شێوان و فەوتان گەیشتوە بۆیە بواری بەراوردێکی پڕاوپڕ نیە، بەڵام هێڵە گشتیەکانی چیرۆکەکە لە هەر سێ ئەفسانەکەدا هەیە.

پاشان ئەفسانە تەوراتیەکە بە پشت بەستن بە ئەفسانە عێراقیەکان و لەچوارچێوەیەکی تایبەتیدا نوسراوەتەوە. چیرۆکە تەوراتیەکە لە خۆیدا لە دو ڕەگەز پێک هاتوە: ترادیسیۆنی یەهوایی (J) کە کۆنتر و سادەترە و ترادیسیۆنی کەهەنوتی (P) کە نوێتر و ئاڵۆزترە، ئیتر دەقە تەوراتیەکە بە پێکەوەبەستنەوەی ئەم دو شێوەیە ڕێک خراوە، و بە هۆی ئەمەشەوە دەقەکە کۆمەڵێک دژیەکی و شێواویی تێدا دروست بوە. بەپێی چیرۆکە یەهواییەکە: لە ڕێگەی بارانەوە خواوەند تۆفانێکی ناردوە کە چل ڕۆژ بەردەوام بوە، نوح خۆی و خێزانەکەی تێدا هەڵ دەگرێت لەگەڵ گیانداران (حەوت جوت گیانداری پاک و جوتێک گیانداری پیس)، دوای تۆفانەکە نوح کۆترێک دەنێرێت بۆ ئەوەی بزانێت کە ئاوەکە کشاوەتەوە یان نا، ئینجا قوربانیگەیەک دروست دەکات و قوربانی بۆ خواوەند دەکات، خواوەندیش دەڵێت جارێکی تر تۆفان روناداتەوە. بەڵام چیرۆکە کەهەنوتیەکە درێژەی زیاتری تێدایە: چۆنێتیی دروستکردنی کەشتیەکە، و وردەکاریی ڕوداوەکان و پەیمانی نێوان خواوەند و نوح، و جگە لەوەی دەڵێت لە هەمو گیاندارێکی پاک و پیس تەنها یەک جوت هەڵ گیراوە و سەرچاوەی تۆفانەکەیش دەروازەکانی ئاوی ئاسمان دەرچەکانی ئاوی ژێر زەوی بوە، و دواتریش نوح قەلەڕەشێکی ناردوە. بەڵام چیرۆکە تەوراتیە بەرهەمهاتوەکە تێکەڵکردنی ئەم دو ترادیسیۆنەیە، بۆیە چەند دژیەکییەک لە دەقەکاندا هەن، بۆ نمونە لە (خولقاندن: ٦:١٩، ٢٠) دا دەڵێت جوتێک لە هەر گیاندارێک بەڵام لە (خولقاندن: ٧:٢، ٣) دا دەڵێت حەوت جوت لە گیانداری پاک، هەروەها لە (خولقاندن: ٧:١٢، ١٧) دا دەڵێت تۆفانەکە چل ڕۆژی خایاندوە، بەڵام (خولقاندن: ٧:٢٤) دەڵێت سەد و پەنجا ڕۆژ. لەم بەراوردانەیشەوە دیارە سەرچاوە کەهەنوتیەکە لە ئەفسانە بابیلیەکەوە نزیکترە، بۆیە چیرۆکە تەوراتیەکە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانە بابیلیەکەی داستانی گیلگامێش، بە تایبەتی لەناوی پاڵەوانی تۆفانەکەدا، چونکە وشەی (نوح) ی عیبری لە ناوی (ئوتنەپشتیم) دوە هاتوە: (نەپش) ی ئەککادی کە هەمان (نەفس) ی عەرەبیە، هەروەکو چۆن لە کوردیدا بوەتە (نەوس)، بوەتە (نوخ) و پاشان (نوح)، وشە ئەککادیەکە واتای (ژیان) و (گیان) و (هەناسەدان) ی تێدایە، زانایانی زمانی عیبرییش دەڵێن وشەی (نوح) بە واتای (حەوانەوە) یە کە نزیکە لە هەمان واتاوە. جگە لە ئەفسانە بابیلیەکە، چیرۆکە تەوراتیەکە لەگەڵ ئەفسانە شومەری و ئەککادی و هەروەها ئەفسانە بابیلیەکەی لای (بێرۆسوس) دا پەیوەندی و لێکچونی ڕونی هەیە:

لە هەمو ئەفسانە عێراقیەکان و ئەفسانە تەوراتیەکەدا خواوەند(دەکان) لە مرۆڤایەتی نارازیە و دەیەوێت بە تۆفانێک لەناویان ببات، هۆکاری ئەو نارەزاییە لە شومەریەکەدا ڕون نیە، لە ئەککادیەکەدا ئەوەیە کە مرۆڤەکان زۆر بون و خواوەند ئێنلیلیان هەراسان کردوە، لە ئەفسانە بابیلیەکەدا بە هەمان شێوە خواوەند ئێنلیل لە مرۆڤەکان نارازیە، ئینجا لە ئەفسانە تەوراتیەکەدا دەڵێت خواوەند دڵتەنگ بو کە بینی خراپە دڵی مرۆڤەکانی گرتوەتەوە و پەشیمان بوەوە لە خولقاندنی (خولقاندن: ٦:٥-٧)، بە هەمان شێوە لە ئەفسانە قورئانیەکەیشدا گەلی نوح (کە بەپێی چیرۆکەکە هەمو مرۆڤایەتی بون) لەسەر خراپەکاریان و باوەڕنەهێنانیان تۆفانیان بەسەردا هێنراوە.

لە هەمو ئەفسانە عێراقیەکاندا خواوەند ئێنکی یاخود ئیا بە سروشێک پاڵەوانی تۆفانەکە ئاگادار دەکاتەوە کە تۆفانێک بەڕێوەیە و پێویستە کەشتیەک دروست بکات، لە ئەفسانە تەوراتیەکەیشدا خواوەند ڕاستەوخۆ نوح ئاگادار دەکاتەوە و فەرمان دەدات کەشتیەک دروست بکات، لە قورئانیشدا دەڵێت کە بە (وەحی) نوح ئاگادار کراوەتەوە (هود: ٣٦) (المؤمنون: ٢٧).

هەڵگیراوەکان: لە شومەریەکەدا هەرچەند ڕون نیە بەڵام هەڵگرتنی کۆمەڵێک مرۆڤ و ژمارەیەک لە گیانداران دەگەیەنێت، لە ئەککادیەکەدا دەڵێت ئەتراحاسیس خۆی و خێزانەکەی و خزمەکانی و پیشەوەرەکان، هەروەها ئاژەڵەکانی و گیانەوەری گۆشتخۆر و هەندێکی گیاخۆر. لە بابیلیەکەدا دەڵێت ئوتنەپشتیم خۆی و خێزانەکەی و خزمەکانی و پیشەوەرەکان و هەمو جۆرە گیاندارێکی ماڵی و کێوی. لە چیرۆکە تەوراتیەکەدا نوح خۆی و خێزانەکەی لەگەڵ جوتێک لە هەر گیاندارێک، یان حەوت جوتی پاک و جوتێکی پیس. لە چیرۆکە قورئانیەکەشدا دەڵێت نوح خۆی و خێزانەکەی (جگە لە ژنەکەی) و لە هەر گیاندارێک جوتێک (المومنون: ٢٧).

لە ئەفسانە عێراقیەکاندا باوبۆران حەوت ڕۆژ (یان شەش ڕۆژ) و حەوت شەوی خایاندوە، لە ئەفسانە تەوراتیەکەیشدا باران چل ڕۆژ و چل شەو بەردەوام بوە (خولقاندن: ٧:١٢، ١٧).

لە ئەفسانە بابیلیەکەدا دەڵێت ئوتنەپشتیم کۆترێک و پەڕەسێلکەیەک و قەلەڕەشێکی ناردوە بۆ ئەوەی بزانێت ئاوی تۆفان کشاوەتەوە، لە ئەفسانە تەوراتیەکەیشدا سەرەتا نوح قەلەڕەشێک دەنێرێت و پاشان کۆترێک کە بۆ جاری دوەم گەڵا زەیتونێک بە دەنوک دەگرێت و بۆ جاری سێیەم ناگەڕێتەوە (خولقاندن: ٦:٨-١٢).

لە هەمو ئەفسانە عێراقیەکان و تەوراتیەکەدا پاڵەوانی تۆفان دوای تۆفانەکە قوربانی بۆ خواوەندەکان دەکات.

لە ئەفسانە ئەککادیەکەدا دەڵێت خواوەندەکان بۆنی قوربانیەکەی ئەتراحاسیسیان کرد، لە ئەفسانە بابیلیەکەشدا دەڵێت خواوەندەکان بەرامەی خۆشی قوربانیەکەی ئوتنەپشتیمیان بۆن کرد. لە ئەفسانە تەوراتیەکەشدا دەڵێت کە نوح قوربانیەکەی خستە سەر ئاگر خواوەند بۆنی ڕەزامەندیی هەڵمژی (خولقاندن: ٨:٢١).

ئینجا دەبێت بزانین لەم چیرۆکەدا چی مێژوییە و چی کولتوریە؟ ئەوەی مێژوییە و ئەنجامی پشکنینی ئارکیۆلۆجیایی لە باشوری عێراقیدا دەری خستوە ئەوەیە کە لە دەوروبەری ساڵی (٢٩٠٠ پ. ز.) لافاوێکی گەورە بە هۆی هەستانی دیجلە و فوراتەوە شاری (شوروپاک) هەندێک شاری شومەریی تری گرتوەتەوە. ئەفسانە شومەریەکە کە سەرەتای ڕوداوەکە لە شاری شوروپاکدا دادەنێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕوداوە و لەنێوان ڕوداوەکە و چیرۆکەکەدا نزیکەی سێ سەدە هەیە. بەڵام ئەوەی کولتوریە و ئەفسانەییە لە چیرۆکەکەدا ئەوەیە کە خواوەندەکان ئەم تۆفانەیان بۆ لەناوبردنی مرۆڤ بەرپا کردوە و دواتریش خواوەندێک (مرۆڤێکی دانا) ئاگادار دەکاتەوە کە کەشتیەک دروست بکات و تۆوی ژیان هەڵ گرێت، پاشان ئەو کەشتیە لە شوێنێک دەنیشێتەوە و قوربانی بۆ خواوەندەکان دەکرێت و خواوەندەکان پلەوپایەی تایبەتی بەو پاڵەوانە دەبەخشن. ئەم چیرۆکە بەو کاراکتەر و ڕوداوە تایبەتیانەوە کە ڕەگەزی میتافیزیایین ئەفسانەیە، بۆیە هەندێک جار بەم شیرۆکە دەوترێت (مێژوەفسانە).

سەبارەت گشتیبونی تۆفانەکە، لە ئەفسانە عێراقیەکاندا هەرچەند دەوترێت ڕوی (زەوی) ی داپۆشیوە بەڵام لە واقیعدا مەبەست وڵاتی شومەر و باشوری عێراقە. لە ئەفسانە ئەککادیەکەدا بەڕونی دیارە کە باس لە تۆفانێکی ناوچەیی و هەستانی ڕوبارێک دەکات، وەکو ڕابورد. لەو ئەفسانە ئەککادیەدا دەڵێت جەستەی مرۆڤەکان وەکو پوشکەبەقنگە روباریان پڕ کردبو، بەڵام دواتر لە چیرۆکە بابیلیەکەدا ئەوە دەگۆڕێت و دەڵێت وەکو گەرای ماسی دەریایان پڕ کردبو. لێرەوە هەست دەکەین ئەم چیرۆکە تا زیاتر داڕێژراوەتەوە زیاتر ڕەگەزی خەیاڵیی بۆ زیاد کراوە و لە واقیع دور کەوتوەتەوە، و لە لافاوێکی ناوچەیی و روباریەوە کراوەتە تۆفانێکی گەورەی سەرتاپاگیر.

بەپێی چیرۆکە تەوراتی ـ قورئانیەکە، تۆفانی نوح تۆفانێکی جیهانی و سەرتاپاگیر بوە، چونکە چیرۆکەکە دەڵێت لە کەشتیەکەدا نێر و مێی هەمو گیاندارێک هەڵ گیراوە و ئەمەش بۆ پاراستنی تۆوی ژیانە. بەڵام سەرتاپاگیربونی تۆفانەکە تەنها ڕەگەزێکی کولتوریە لە چیرۆکەکەدا و لەلایەنی واقیعیەوە مەحاڵە، چونکە بە هەموی ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی هەمو زەوی نوقمی ئاو نابێت. ئەوەی لە چیرۆکە تەوراتی ـ قورانیەکەدا هەیە ئەوەیە کە سەرچاوەی ئاوی تۆفانی نوح ئاوی ئاسمان (باران) و ئاوی کانیاو (ژێرزەوی) بوە: لە تەوراتدا (خولقاندن: ٧:١١)، هەروەها لە قورئاندا: (ففتحنا أبواب السماء بماء منهمر، و فجرنا الارض عیونا، فالتقی الماء علی أمر قد قدر) (القمر: ١١، ١٢)، ئەمەی تەوڕات و قورئان باسی دەکەن (بارینی باران و هەڵقولانی ئاوی ژێرزەوی) بۆ نقومکردنی وڵاتێکیش بەس نیە چ جای هەمو جیهان، بەڵکو ئەوە (نقومکردنی وڵاتێک) پێویستیی بە شەپۆلی دەریایی گەورە (بە هۆی بومەلەرزە و گڕکانەوە) یان لافاوی گەورەی روبار هەیە، نقومکردنی جیهانیش پێویستیی بە کارەساتێکی جیهانی هەیە بە هۆی کلکدارێک یان ئەستێرۆکەیەکەوە. بە هیچ جۆرێک هەمو جیهان هێدی هێدی بە باران و ئاوی ژێرزەوی نقوم ناکرێت. جیهانیبونی تۆفان چەندین کێشە و مەحاڵبونی تری تێدایە، وەکو ئەوەی ئەگەر تۆفانەکە جیهانی بوبێت دەبێت لە کەشتیەکەدا نمونەی هەمو گیاندارێک هەڵ گیرابێت وەکو چیرۆکەکە دەڵێت، بەڵام هەندێک گیاندار هەن کە لە وڵاتێکی دوردان و لە وڵاتی نوحدا نەبون تا بچنە کەشتیەکەوە، وەکو (کەنگەر) ی ئوسترالیا و (کیوی) ی نیوزیلاند و (لاما) ی ئەمێریکای باشور و شتی تریش. ئەمە جگە لەوەی لەلایەنی کردەییەوە مەحاڵە بتوانرێت نێر و مێی هەمو گیاندارێک کۆبکرێنەوە و لە کەشتیەکدا هەڵ بگیرێن!

ڕەگەزێکی تری چیرۆکە قورئانیەکە کە لە چیرۆکە تەوراتیەکەدا نیە، ئەوەیە کە ئاوی گەرم هەڵ قوڵیوە و فوارەی کردوە (و فار التنور) (هود: ٤٠) (المومنون: ٢٧). ئەم ڕەگەزە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ تەلمود (تەلمودی بابلی، ڕۆش هەشاناه، لا. ١٦٢. سەنهێدرین، لا. ١٠٨) کە دەڵێت نەوەی تۆفان بە ئاوی کوڵاو (لە دۆزەخدا) سزا دراون.

ڕەگەزێکی تری چیرۆکە تەوراتی ـ قورئانیەکە، تەمەنی درێژی نوحە، کە تەوڕات دەڵێت تەمەنی نوح (٩٥٠) ساڵ بوە (خولقاندن: ٢٩:٠)، لە قورئانیشدا دەڵێت نوح (٩٥٠) ساڵ بانگەوازی گەلەکەی کردوە (العنکبوت: ١٤). ئەم تەمەنە زۆرەی لە دەقە تەوراتیەکەدا دراوەتە پاڵ باوانی پێش تۆفان، دەگەڕێتەوە بۆ لیستی پاشا شومەریەکانی پێش تۆفان لە کولتوری شومەریدا کە تەمەنی دوورودرێژیان بۆ دانراوە.

ڕەگەزێکی تری چیرۆکە قورئانیەکە هەواڵی کوڕە بێباوەڕەکەی نوحە کە لە تۆفانەکەدا تێداچوە (هود: ٤٢، ٤٣). ئەمە لە چیرۆکە تەوراتیەکەدا نیە و موفەسسیرەکانیش لە دیاریکردنی ناوی ئەو کوڕەدا کەوتونەتە پەشێویەکی زۆرەوە و سەرگەردان بون، چونکە ئەوەی لە دەقە تەوراتیەکەدا زانراوە ئەوەیە کە نوح سێ کوڕی هەبوە: سام و حام و یافەت کە هەر سێکیان لە تۆفاندا هەڵ گیراون.

هەروەها لە چیرۆکە قورئانیەکەدا هەندێک دیمەن و ڕەگەز هەن کە تایبەتن بە قورئانەوە و قورئان بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆی زیادی کردون بۆ چیرۆکەکە و لە ڕاستیدا پەیوەندییان بە بارودۆخی کولتور و کۆمەڵگای عەرەبیی کاتی قورئانەوە هەیە نەک گەلی نوح، بۆ نمونە ناوی ژمارەیەک لە بتەکانی نیمچەدورگەی عەرەبی دەهێنێت و لە وتەیەکدا وا پێشان دەدات کە ئەوانە ناوی بتەکانی گەلی نوح بون (نوح: ٢٣)، هەروەها لە دیالۆگی نێوان نوح و گەلەکەیدا ئەو وتە و بیانو و مشتومڕانە دەردەکەون کە لە ڕاستیدا لە نێوان پێغەمبەری ئیسلام و گەلەکەیدا ڕویانداوە، وەکو ئەوەی کە گوایە گەلی نوح وتویانە ئەوانەی شوێنت دەکەون هەر خەڵکە هەژار و نەدار و نزمەکەن (هود: ٢٧)، و نوحیش وتویەتی من باوەڕداران دەرناکەم (هود: ٢٩، الشعراء: ١١٤)، کە لە ڕاستیدا ئەم مشتومڕە لە نێوان پێغەمبەر و خەڵکی مەککەدا ڕوی داوە، بەڵام قورئان لەگەڵ چیرۆکی نوحدا تێهەڵکێشی دەکات بۆ ئامۆژگاری و وەکو هونەری چیرۆک.

لەکۆتاییدا ئەم تەوەرە باسی زیاتر هەڵدەگرێت و نیاز وابوو لەسەر کۆمەڵێک چیرۆکی تر بدوێم، بەڵام بەم چەند نمونەیەک کۆتایی بەم تەوەرە دێنم. ■

ڕاستکردنەوەی هەڵە

لەئەڵقەی ڕابردووی تەوەری چیرۆکە قورئانیەکاندا لەبری (ئولیلیگاررا و زالگاررا) نوسراوە (ئولیجانرو ئیلجار)، هەروەها لەبری (قابیلی کشتیارو هابیلی شوانکارە) نوسراوە (قابیلی شوانکارەو هابیلی کشتیار). نوسراوە، لەگەڵ داوای لێبوردن.